DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi9.40
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# ئاڵنگاریە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دا

**موحەمەد ڕەحمان ئەحمەد**
قوتابی ماستەر- کۆلیژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەڵاحەددین
mohammed.rahman1991@yahoo.com
**پ.ی.د. ئەمین فەرەج شەریف**
کۆلیژی زانستە سیاسییەکان - زانکۆی سەڵاحەددین
amin.sharif@su.edu.krd

## پوختە

هەموو کۆمەڵگایەک بونیادێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری تایبەت بەخۆی هەیە کە ڕەنگدانەوە و زادەی فاکتەرگەلێکی وەک مێژوو، جوگرافیا، داب و نەریت، ئایین، تایبەتمەندیە ڕەگەزی و نەتەوەییەکانی خۆیەتی... ئەمانەش کاریگەری زۆر و بەرچاویان دەبێت لەسەر کایەی سیاسەت چونکە سیاسەتیش ڕەنگدانەوە و کارتێکراوی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و کەلتووریە. کارلێککردنی کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کاریگەری هێزە کۆمەڵایەتیەکان و دەسەلات لەسەر یەکتری، چۆنیەتی یەکتر بەرهەمهێنانەوەیان، ئاستی پاڵپشتی و ململانێی یەکتری... جیگای بایەخی زۆرێک لە بیرمەندانی بواری کۆمەڵناسی سیاسی و گەشەپێدانی سیاسیە. پرسی گەشەپێدانی سیاسیش لە دوای دووەم جەنگی جیهانیەوە تاوەکو ئێستاش پرسێکی گرنگ و بایەخداری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی و وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانە بەتایبەتی، بەجۆرێک لە زۆربەی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی شکستی هێناوە لەو کاتەوە تا ئێستا، ئەمەش نەک تەنها کێشەیە بۆ ئەو وڵاتانە بەڵکو بووەتە کێشە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش، سەرەڕای هەوڵ و هاوکاریە نێودەولەتیەکان بۆ ئەم وڵاتە تازە پێگەیشتووەکانە. بۆ ئەمەش زۆرێک لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی سیاسی جەخت لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەو کۆمەڵگەیانە دەکەنەوە کە وەک ئاڵنگارگەلێک ڕۆڵ دەبینن لە هەمبەر پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی. کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیش وەک کیانێکی نیمچە سەربەخۆ کە لە دوای ١٩٩١ دەرکەوت، بەدەر نیە لە شکستخواردنی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیەکەی. لەم ڕووەوەش ناسین وبنکۆڵکردنی بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، کە تا چ ئاستێک ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لەسەر پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی و شکستپێهێنانی بایەخێکی زۆری هەیە چونکە بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری هەر کۆمەڵگەیەک دەبێتە ژێرخانێک بۆ سەرخانە سیاسیەکە و بەجۆرێک هەردوو کایە کارلێک دەکەن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە.

Recieved: 12/8/2021
Accepted: 25/8/2021

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

گرنگی توێژینەوە:

پرسی گەشەپێدانی سیاسی و بە مۆدێرنبوونی هەر دەوڵەت و کیانێکی سیاسی، پرسێکە پەیوەندارە بە گۆڕانی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی لە نەریتییەوە بەرەو مۆدێرنە، لەم سۆنگەیەوەش گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە تیشک دەخاتە سەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و بنکۆڵکردنی وەک ئاڵنگارێک لەبەردەم گەشەپێدانی سیاسی کە تیایدا پرسێکی گرنگ و هەنووکەییە کە کاریگەری لەسەر هەموو کایەکانی دیکەش هەیە.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا تیشک خستنە سەر بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە کە ئایا تاچەند ئاڵنگارە لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی.

## گرفت و پرسیاری توێژینەوە:

کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی ڕاگوزەر کە نە بەتەواوەتی نەریتیە نە بەتەواوەتی مۆدێرنە، لە ململانێدایە لەنێوان نەریتگەرایی و شەپۆلی مۆدێرنە و جیهانگیردا، ئەم ململانێیەش ڕەنگدانەوە و کاریگەری لەسەر کایەی سیاسی و پرسی گەشەپێدانی سیاسی داناوە، بەجۆرێک لە هەرێمی کوردستاندا دامەزراوگەلێکی دیموکراسی و مۆدێرن هەن بەڵام لە کرۆکدا پرۆسەی سیاسی نادیموکراسی و نامۆدێرنە. لەم سۆنگەیەوەش دەپرسین ئایا بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری تا چەند ڕۆڵ و کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتن یان شکستی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان؟

گریمانە:

گریمانەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئاڵنگارێکە لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی.

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا چەند میتۆدێکمان تێدا بەکارهێناوە وەک:

میتۆدی وەسفی و شیکاری: ئەمەش لە پێناو وەسفکردن و شیکارکردنی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و بونیادی کۆمەڵایەتی وکەلتووری و کاریگەریان لەسەر یەکتر.

میتۆدی بونیادی: کە خۆی دەبینێتەوە لە تێبینکردن و وەسفکردنی داکەوتی بونیادی کۆمەڵگە لەسەر ئاستی بەش و گشت و ڕایەڵەی نێوانیان و کاریگەریان لەسەر یەکتر، پاشان خستنەبەر ئەزموون و بەڵگەکاریان لە ڕێگەی نموونەی واقعیەوە.

هەروەها لە پاڵ ئەم دوو میتۆدە میتۆدی مێژوویشی تێدا بەکارهاتووە، ئەویش بە گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژوویەکان کە وەک ڕایەڵەیەک وابوونە بۆ ئەم دۆخ و داکەوتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی ئەمڕۆ.

## پەیکەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم کە چوارچێوەیەکی تیۆریە، باس لە تیۆری بە

مۆدێرنەکردن دەکەین، کە دەبێتە بنەمایەک بۆ ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیە. بەشی دووەمیش کە چوارچێوەیەکی پراکتیکیە دابەش بووەتە سەر پێنج باس، لە هەر یەک لەم باسانە باس لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و دەسەڵات و کاریگەریان لەسەر یەکتر و پرۆسەی دیموکراسی و گەشەپێدانی سیاسی دەکەین. لە باسی یەکەم باس لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریە سیاسیەکانی دەکەین، کە چۆن هێزە نەریتیەکان لەناو شاریش کە دەرکەوتەیەکی مۆدێرنە پارێزگاری لە هێز و بەها نەریتیەکانیان خۆیان دەکەن و تێکەڵ بە حزبی سیاسی و دەسەڵات دەبن و یەکتر بەرهەمدەهێننەوە. لە باسی دووەم باس لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێز و گروپ و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین لە هەرێمی کوردستان، کە ئایا کامەیان دەسەڵات یان ئەم هێزانە کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن و کامیان ئەویتر ساز و مۆبیلیزە دەکات. لە باسی سێیەمدا باس لە دیموکراسیەت و داکەوتی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکەین، کە چۆن دیموکراسیەت لە بونیادە دواکەوتوو و نەریتیەکاندا لێکەوتەگەلێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە و حزبەکان ناچارن تەسلیمی واقعی دواکەوتووبن و هەوڵی گۆڕانکاری نەدەن. لە باسی چوارەمدا باس لە حیزب و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەین، کە چۆن حزبە سیاسیەکان و ململانێی حیزبایەتی بووەتە هۆی زیاتر لێکترازانی کۆمەڵایەتی و لەباربردنی پرۆسەی نەتەوەسازی و هاوشوناسی نەتەوەیی. لە باسی پێنجەمدا باس لە هەڵبژاردن و ڕۆشنبیری سیاسی دەکەن، کە نەبوونی هۆشیاری تەواو بەرامبەر هەڵبژاردن وەک میکانیزمێکی دیموکراسی لەجیاتی ئەوەی ببێتە گەشەی بەشداری سیاسی و دروستکردنی تاکێکی چالاک و بەشداریکار بەپێچەوانەوە دەبێتە هۆی تاکێکی بێ متمانە و ناچالاک.

## تیۆری بە مۆدێرنکردن *modernization

تیۆری بە مۆدێرنکردن تیۆرێکی گشتگیر و فراوانە، ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی فرەرهەندی کۆمەڵایەتی واتە گۆڕانێک لە کۆمەڵگایەکی نەریتیەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری...هتد.١ بەم شێوەیە ڕەگوریشەی تیۆری بە مۆدێرنکردن دەگەڕێتەوە بۆتێز و تیۆرەکانی چۆنیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کە لە سەدەی نۆزدەیەم لەلایەن چەند بیرمەند و کۆمەڵناسێکی ئەوکات تیۆرەریزەکرا وەک ئەمێل دورکهایمEmile Durkheim ، ماکس ڤیبەرMax Wiber، کارل مارکس Karl Marx...تد هەر یەک لەم بیرمەندانەش بە جیا و تێروانینی تایبەت بەخۆیان شیکردنەوەیان بۆ چۆنیەتی ئەو گۆڕانە کردووە واتە چۆنیەتی گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی نەریتی و کشتوکاڵیەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پیشەسازی، لە فیوداڵیەوە بۆ سەرمایەداری، لە وەکیەکی میکانیکیەوە بۆ هاوسۆزی ئۆرگانیکی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەم گۆڕانە بەرەو قۆناغیکی گەشەکردووترە.٢

١ *لێرەدا پێویستە جیاکاری لە نێوان چەند چەمکێکی نزیک لەیەکتر بکەین کە زۆرجار لە شوێنی یەکتر بەکاردەهێندرێن و لە ناوەڕۆکیشدا بەکارمانهێناون، بەمەش هەڵە تێگەیشتن دروست دەکات وەک:

- **Modern**- نوێ: مۆدێرن واتای هەر شتێک دەگەێنێت کە نوێ بێت و تایبەت بێت بەسەردەمی ئێستا.
- **Modernity**- مۆدێرنە- نوێیەتی: ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی سەردەمی نوێیەتی کە لە سەدەی ١٦ دەستپێدەکات تاوەکو ئەمڕۆ واتە ئەو سەردەمە مێژووییەی کە لە سەدەکانی کۆن و ناوەڕاست جیامان دەکاتەوە.
- **Modernism** **نوێگەرایی:** ئاماژەیە بۆ ئەو جولانەوە فەلسەفی و هونەریەی کە لە کۆتایی سەدەی ١٩ یەم و سەرەتای سەدەی ٢٠ یەم سەریهەڵدا.
- **Modernist**- نوێخواز: ئاماژەیە بۆ هەموو ئەو فەیلەسوف و هەنەرمەند و نووسەر و هەموو کەسانی داهێنەر و نوێخواز.
- **Modernization** – **بە مۆدێرنکردن:** ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵگە لە نەریتیەوە بۆ مۆدێرن واتە بۆ مۆدێرنکردنی کۆمەڵگەی نەریتی.

کنزة درويش،(2014-2015)، **العولمة واشكالية التنمية في العالم الثالث**، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي- كليةالحقوق و العلوم السياسية- قسم العلوم السياسية، ص٢٦.

٢ Kieran Healy,( Aug ١٩٩٨), Department of Sociology, research- published by **Social Change: Mechanisms and Metaphors**, ٢-N-٢ Green

یەکێک لە گرینگترین بیرۆکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نەریتیەوە بەرەو مۆدێرن بریتیە لە بیرۆکەی لێکجیاکردنەوەی کۆمەڵایەتی Social differentiation کە لەلایەن کۆمەڵناسی فەرەنسی دۆرکهایم (١٨٥٨-١٩١٧) خرایەڕوو کە ئەوەش دەوەستێتە سەر دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە Division of labour چونکە دابەشکردنی کار دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزی و بەیەکداچوونی کۆمەڵگە و زیادبوونی ئاستەکانی بەتایبەتیکردن و پسپۆڕیەت، پشت بەیەکتربەستنی ئاستەکان و ڕۆڵەکان، لێکجیابوونەوەی دامەزراوەکان و زیاتر پسپۆڕبوونیان، دابەشبوونی چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان دامەزراوەکاندا، زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و پەیوەندیکاری لە نێوانیان. ئەمەش بە پێچەوانەی کۆمەڵگەی نەریتی کە خێزان لە جیاتی دامەزراوەکان بەم ئەرک و ڕۆڵانە هەڵدەستا وەک ئابووری و بەرهەمهێنان و پەروەردەکردن... تد.٣

بەشێوەیەکی گشتی دورکهایم باوەڕی وابووە کە کۆمەڵگای نەریتی هاوبەندیەکی میکانیکیان هەبووە لە ڕێگای کۆمەڵێک بەهاوباوەڕی هاوبەشەوە بە یەکتریەوە بەستراونەتەوە و بونیادێکی کۆمەڵایەتی وەک یەکیان هەبووە و دابەشکردنی کار و پسپۆڕیەت لە نێوانیان نیە بەڵام کۆمەڵگای مۆدێرن هاوبەندیەکی ئۆرگانیکییان هەیە واتە ئەوەی بە یەکەوەیان دەبەستێتەوە جیاوازیەکانیانە نەک وەکیەکیان، بوونی دابەشبوونی کار و پسپۆڕیەت وا دەکات هەر کەسێک بە ڕۆڵ و ئەرکێکی دیاریکراو هەستێت بەمەش ناچار پشت بەیەکتر ببەستن. ئەم گۆڕانە بونیادیەش بەها و پەیوەندیە کۆنەکان کاڵ دەکاتەوە تاکەکان بەرەو پەیوەندی و بەهاگەلێکی تاکگەرایی دەبات، بەمەش کۆمەڵگایەکی مۆدێرن دێتە کایەوە.

کۆمەڵناسی ئەڵمانی ماکس ڤیبەریش (١٨٦٤-١٩٢٠) مۆدێرنە بە عەقڵانیەت دەبەستێتەوە.٤ واتە بە عەقڵانیکردنی گشت کایەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، دەربازبوون لە وەهم کە گشت شێوازەکانی ژیان و بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆنی داگیرکردبوو. هەروەها ڤیبەر پێیوابوو مۆدێرنە بەرهەمی سەرمایەداری ئازاد و دەزگایانی کارگێری بیرۆکراسیە وەک دوو دەزگای عەقڵانی و مۆدێرن کە بوونەتە هۆی بە عەقڵانیکردنی زانستی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.٥ هەر بۆیە لەم سۆنگەیەوە مۆدێرنە هەمیشە بە کۆمەڵگای پیشەسازیەوە گرێدەدرێ چونکە پێیانوایە بە پیشەسازیبوونی کۆمەڵگا بەرهەمی عەقڵانیەت و مۆدێرنەیە.٦

بەم شێوەیە تیۆری بە مۆدێرنکردن کە زادە و هەڵقوڵاوی تیۆرەکانی گەشەکردنە ڕوانگەی تایبەتی خۆی هەیە بۆ پرسی گەشەپێدان. بۆ ئەمەش بە گوێرەی ئەم تیۆرە کۆمەڵگا نەریتیەکان بۆ ئەوەی گەشەپێدان ئەنجامبدەن و پێشبکەون دەبێت بە هەمان ئەو ئاڕاستانەدا بڕۆن کە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پیشەسازیە خۆرئاواییەکان پێیدا تێپەریون، بە گوزارشتێکیتر دەبێت ئەو کۆمەڵگە نەریتیانە بە دوای ئەو ئەدگار و تایبەتمەندیە هاوبەشانەدا بگەڕێن کە لە کۆمەڵگە مۆدێرنە گەشەکردووەکاندا هەیە. بۆ ئەمەش دەبێت بەشێوەیەکی پلەبەندی دووربکەونەوە لە بەها و دامەزراوە سیاسی و ئابووریە نەریتیەکان و بەها مۆدێرنەکان وەربگرن و دامەزراوەی مۆدێرن دابمەزرێنن.٧ وڵاتە پێشکەوتووە خۆرئاواییەکان نموونەیەکیان لە مۆدێرنە پێشکەشکردووە، پێشیانوایە دەبێت کۆمەڵگا دواکەوتووەکانیش بەهەمان شێوە شوێن پێی ئەوان هەڵگرن تا بێنە نێو جیهانی مۆدێرنە، ئەمەش ئەو ئاکامەی لێدەکەوێتەوە کە

.Hall, Princeton University, pp٤

٣ .B. C. smith,( 2003) **understanding third world politics**, secend edition, NEW YORK, Published by PALGRAVE MACMILLAN, , pp45

٤ ئەنتۆنی گیدنز ،(2012)، **سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆری کۆمەڵایەتی**، وەرگێرانی دانا شوانی، هەولێر ، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، لا75.

٥ ئیبراهیم حەیدەری،(2013)، **مۆدێرنەو بە عەقڵانیکردنی جیهان**، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی،(کۆمەڵناسی، گۆڤارێکی وەرزیە) ژمارە 9، لا262.

٦ ئەنتۆنی گیدنز ، (2013)، **دەروازەیەکی رەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی**، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی، هەولێر ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، لا192.

٧ .٤٥ B. C. smith, op.cit, pp

پێویستە ئەو کۆمەڵگایانە هەمان ئەو ڕێچکەیە بگرنەبەر کە پێشتر کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا پێیدا تێپەڕیوون، پاشان دەستکەوتەکانی کۆمەڵگای پیشەسازی بەدەست بهێننەوە.[8] بەم پێیەش بێت مۆدێرنە چیتر تەنها لە چوارچێوەی نەریتێک نیە تایبەت بە ڕۆژئاوا بەڵکو دەبێتە ئایدۆلۆژیای بە مۆدێرنکردن، کە ڕۆژئاواییەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگای بە مۆدێرنکردنی وڵاتەکانیتری جیهان شێوازی ژیان و بەهاکانی خۆیان بسەپێنن و دواتر سیستەمێکی جیهانی لەو قالبەدا دابرێژن کە زادەی لیبرالیزم و سەرمایەداری ڕۆژیاوایی بێت.

لەم سۆنگەیەوەش ڕۆستۆW.W. Rostow(١٩١٦-٢٠٠٣) لە پەرتووکی قۆناغەکانی گەشەکردنی ئابووری (the statges of economic growth)هەستا بە دیارکردنی پێنج قۆناغ بۆ چۆنیەتی دەربازبوون لە کۆمەڵگایەکی نەریتیەوە بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن، ئەمەش وەک ڕاگەیاندنێکی ناکۆمۆنیستانە چونکە ئەوکات ئەمریکیەکان ترسی ئەوەیان هەبوو کە وڵاتانی جیهانی سێیەم بەرەو چارەسەرێکی کۆمۆنیستانە بڕۆن بۆ کێشەی هەژاری و دواکەوتوویان. بۆیە لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لێکۆڵەر و ئەکادیمیستانی ئەمریکی زۆر گرینگیان بەم بوارە دەدا. قۆناغەکانیش ئەمانە بوون کە ڕۆستۆ پێیوابوو دەکرێت هەر کۆمەڵگایەک بخرێتە نێو یەکێک لەم قۆناغانە:[9]

یەکەم:کۆمەڵگای نەریتی، بریتیە لە قۆناغی سەرەتایی کشتوکاڵ و ڕاوکردن و پیشەی دەستی کە لەڕووی ئابووریەوە پشت بە کەرەستەی زۆر سەرەتایی دەبەستن و بەرهەمیشیان زۆر سنوردارە، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە باوەڕیان بە پوچباوەڕی و بەها و باوەڕە نەریتیەکان هەیە.

دووەم: ئامادەکاری بۆ دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگای نەریتی: لەم قۆناغەدا هەندێک گۆڕانکاری هاتۆتە کایەوە لەڕووی سیاسیەوە کەسانی نیشتمانی و شۆڕشگێر و گەشەخواز هەن کە داوای گۆڕانکاری پێشڤەچوون دەکەن، کەلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. لەڕووی ئابووریشەوە گرینگی بە کەرتی پیشەسازی و سەرمایەداری و دابەشکردنی کار دراوە لە کۆمەڵگەدا لەپاڵ شێوازە کۆنەکانی کار و بەرهەمهێنان.

سێیەم// دەستبەرداربوون: لەم قۆناغەدا دەوڵەت کەوتۆتە سەر ڕێگای گەشە، تەواو دەستبەرداربووە لە شێواز و ڕێگا نەریتیەکانی بەرهەمهێنان. شێوازە نوێیەکانی بەرهەمێنان و دابەشکردن پەیڕەو دەکات و گرینگی بە پیشەسازی قورس دەدات و داهاتی تاک تیادا بەرزدەبێتەوە و ئامرازەکانی گواستنەوە و گەیاندن دابیندەکرێت، سەرئەنجام گۆڕانکاری سیاسی و کۆمەڵایەتیش دێتە کایەوە شان بەشانی ئەو پێشکەوتنە ئابووریانە.

چوارەم// بەرەو پێگەیشتن: لەم قۆناغەدا دەوڵەت تەواو پێگەیشتووە و بووەتە دەوڵەتی پێشکەوتوو لە هەموو ئاستەکانی ئابووری وەک کشتوکاڵ، پیشەسازی، بازرگانی، خزمەتگوزاری. هەروەها تەکنەلۆجیا بەشێوەیەکی بەرچاو و بەربڵاو بڵاوبووەتەوە، بازرگانی دەرەکی و هەناردەکردنی کاڵاکان زۆر گەشەیکردووە. لەڕووی داهێنان و زانست و فکری و ڕۆشنبیریشەوە زۆر پێشکەوتووە.

پێنجەم// قۆناغی بەکاربرنی فراوان: ڕۆستۆ ئەمە بە دواین قۆناغ دادەنێت کە ئەوپەڕی گەشەکردنی تێدایە. کۆمەڵگا لە خۆشگوزەرانیەکی تەواودا دەژیت هەموو پێداویستیەکانین لە تەندروستی و خۆراک و نیشتەجێبوون و فێرکردن... تد بۆ دابینکراوە. داهاتی تاکەکەس تیایدا زۆر بەرزە بەمەش تاکەکان زیاتر هەوڵی داهێنان و سەرکێشی و زیادکردنی بژاردەکان دەدەن لەوەی کە خەمی ژیان و گوزەرانیان هەبێت.

لەسەرەتادا لێکۆڵەرەوانی وەک ڕۆستۆ لە پرسی گەشەپێدانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان زیاتر جەختیان لەسەر لایەنی ئابووری بوو بۆ چۆنیەتی دەربازبوون لە نەریتی و دواکەوتوویەوە بەرەو مۆدێرنە و پێشکەوتن. بەمەش زیاتر

٨ ئەنتۆنی گیدنز ،**دەروازەیەکی رەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی**، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٣.

٩ W.W. Rostow, ( 1960), **the stages of economic growth**, londen, published by the syndics of the combridge university press, pp 6-11.

جەختیان لەسەر بە سەرمایەدارکردن و لیبراڵیزەکردنی سیستەمی ئابووری ئەو وڵاتانە دەکردەوە. لەم سۆنگەیەوەش لایەنگرانی تیۆری بە مۆدێرنکردن بۆ پرسی گەشەپێدان هەمیشە ئەو ئامۆژگاریانەیان دووپات دەکردەوە کە پێویستە ئەو وڵاتانە قەرزبکەن، ڕێگە بە هاتنی کۆمپانیا سەرونەتەوەییەکان و بە وەبەرهێنانی دەرەکی بدەن بۆ سەرمایەگوزاری، بازار ئازاد و کراوە بێت، کاڵا و شمەک و تەکنەلۆجی مۆدێرن بکرن، لاسایبکەنەوە... تد. هەروەها پێیانوابوو کە قەرزی دەرەکی و وەبەرهێنانی بیانی کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر ئەو وڵاتە تازە پێگەیشتووانە چونکە دەبێتە هۆی دابینکردنی تێچووی پرۆژەکان و وەبەرهێنانکردن و بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆجیا و نەریتەکانی کارکردنی نوێ...تد. بەشێوەیەکی زیاتر جەختیان لەسەر ژێرخانی ماددی و ئابووری دەکردەوە چونکە پێیانوابوو بە گۆڕانی ژێرخانی ماددی و ئابووری و بە پیشەسازیبوون ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و پەروەردە و بەها و کەلتوور و سەرخانی سیاسی ... تد.١٠

دەتوانین بڵێین تیۆری بەمۆدێرنکردن لە پرسی گەشەپێدانی سیاسی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لەسەرەتادا زیاتر لەژێر هەژموونی ئابووریناسان و کۆمەڵناسان بوو کە زیاتر خەختیان لەسەر گۆڕان و بەمۆدێرنبوونی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و ماددی دەکردەوە بەڵام دواتر هەندێک لە بیرمەندان و لێکۆڵەرانی سیاسی هاتن زیاتر خەختیان لەسەر سەرخانی سیاسی و کەلتووری سیاسی کردەوە لە پرسی گەشەپێدانی سیاسی و ئەو پرسەیان تەواو بەلایەنی سیاسیەوە گرێدا.

بۆ ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە دابەشبوونە سەر چوار دەستە، کە هەر یەکێکیان خەختیان لەسەر بابەتێک دەکردەوە. یەکەمیان بە مۆدێرکردنیان پەیوەست کردبووە بە بەعەقڵانیکردن وەک ڤیبەر و ئاڵمۆند و ... کە مەبەست لێی بە عەقڵانیکردنی دامەزراوەکان و لێکجیاکاری بونیادی و بەرەو پسپۆڕیەتە بەجۆرێک کە بتوانێت ڕوانگەی تاکەکان وئەندامانی نێو سیستەمی سیاسی لە تایبەتگەرایی و ناوچەگەرایی بەرەو گەردوونی، لە پەرشوبڵاویشەوە بەرەو پسپۆڕیەت و تایبەتمەندی، لە بۆماوەییەوە بەرەو لێهاتووی و شایستەیی و بەدەستهاتووی، لە سۆزداریشەوە بەرەو بێلایەنی ببات. چونکە کۆمەڵگا و سیستەمی نەریتی لەسەر بنەمای پەیوەستی خوێن و خزمایەتی و سۆزداری و ناوچەگەرایەتی بەڕێوەدەچێت بەڵام عەقڵانیەت هەموو ئەمانە بەلاوە دەنێت بەمەش هەم پێشکەوتن لەکاروبارەکان ڕوودەدات هەم دادپەروەری کۆمەڵایەتی. دەستەی دووەم جەخت لەسەر پرسی یەکانگیری نەتەوەی و بونیادنانی نەتەوە و هاوشوناسی دەکەنەوە،وەک مایرۆن واینەر و ... لە پێناو هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی سیاسی یەکگرتوو چونکە پێیانوایە گرفتی سەرەکی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بریتیە لە قەیرانی هاوشوناسی و نەبوونی یەکانگیری نەتەوەیی و پەرت و بڵاوی و ناوچەگەراییەتی و ململانێی ئایینی و ئاینزا وگروپ و ئیتنیکە جیاوازەکان. دەستەی سێیەمیان جەخت لەسەر بە دیموکراسیبوون دەکەنەوە، وەک لا پالۆمنەرا و... پێیانوایە بە دیموکراسیبوونی ژیانی سیاسی و فرە حیزبی و هەڵبژاردن و کێبرکێی و ململانێی سیاسی شارستانیانە و یەکسانی لە گەیشتن بە دەسەڵات گەشەپێدانی سیاسی دێتە کایەوە. بەڵام گرینگترین پرس کە دەستەی چوارەم یاخود زۆربەی لایەنگران و تیۆرسێنانی بە مۆدێرنکردن جەختی لەسەر دەکەنەوە بریتیە مۆبیلیزەکردن و سازکردنی جەماوەری و بەشداری سیاسی، لێکۆڵەرەوان و شارەزایانی وەک ئاڵمۆند، ڤێربای، لێرنەر... هەموویان گەشەپێدانی سیاسی بە بە شداری سیاسی دەبەستنەوە پێیانوایە کۆمەڵگای نەریتی کۆمەڵگایەکی ناچالاک و نا بەشدارە بەڵام کۆمەڵگای مۆدێرن کۆمەڵگایەکی بەشدارکەر و چالاکە. بە بڕوای ئەوانە بەمۆدێرنکردن واتە مۆبێلیزەکردنی جەماوەر،

---

١٠ تیمونز رۆبیرتز، ئەیمی هایت،(2009)، **لە مۆدێرنەوە بۆ جیهانگەرایی**، (بەرگی یەکەم)، و. موحەمەد حوسێن، هەولێر، چاپخانەی ڕوون، ل٢٥-٣١.

مۆبێلیزەکردنی جەماوەریش واتە بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداری سیاسی، بەرزبوونەوەی ئاستی بەشداری سیاسیش ڕەگەز و پێکهێنەرێکی سەرەکی گەشەپێدانی سیاسیە.١١
سەرەنجام دەتوانین بڵێین لایەنگرانی تیۆری بە مۆدێرنکردن پێیانوایە ئەو وڵاتە تازە گەشەکردووانە بۆئەوەی ببنە وڵاتێکی گەشەکردوو و پێشکەوتوو دەبێت لاسایی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بکەنەوە، و لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شێوازەکان و ژیان و کارکردن ... شوێن پێی وڵاتە پێشکەوتووە ڕۆژئاواییەکان بکەون و هەمان ئەو هەنگاوانە بنێن کە ئەو وڵاتە ڕۆژئاواییانە لە قۆناغە مێژوویەکاندا ناویانەو پێیدا تێپەڕیون لە کۆمەڵگایەکی نەریتیەوە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن.

## چوارچێوەی پراکتیکی

لەم بەشەدا کە چوارچێوەیەکی پراکتیکیە، لەسەر بنەمای چوارچێوەی تیۆری (تیۆری بە مۆدێرنکردن) هەڵدەستین بە باسکردنی بابەتگەلێکی وەک گۆڕانی کۆمەڵایەتی، سەبەخۆیی و لێکجیاکاری بونیادەکانی کۆمەڵگە و پەیوەندی بە دەسەڵات و، دیموکراسیەت و فرەپارتی و بەشداری سیاسی... کارلێککردنیان لەگەڵ کەلتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی هەرێمی کوردستان و، دواجار کاریگەریان لەسەر پرسی گەشەپێدانی سیاسی*.
٢-١ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاریگەریە سیاسیەکانی
یەکێک لەو بیرمەندانەی کە بەباشی ئاماژەی بە کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کردووە دورکهایمە (١٨٥٧- ١٩١٧)، دورکهایم ئەم گۆڕانە بە گۆڕانێک پێناسە دەکات کە بریتیە لە گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی میکانیکی بۆ کۆمەڵگایەکی ئۆرگانیکی، کۆمەڵگای میکانیکی کۆمەڵگایەکی کۆگەرایە کە تیایدا هاوبەندی تاکەکان لەسەر بنەمای کۆویژدان و داب و نەریتە سوننەتی و زاڵەکانە بەڵام کۆمەڵگای ئۆرگانیکی هاوبەندی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای دابەشکردنی کارە ئەمەش تاکەکان بەرەو تاکگەرایی دەبات و لە کۆویژدان و هێزە نەریتیە کۆمەڵایەتیەکانی دوور دەخاتەوە.١٢ بۆ ئەمەش دورکهایم باس لە چەمکی ئەنۆمی دەکات و دەڵێ تاک لەم گواستنەوەیەیدا لە کۆمەڵگای نەریتیەوە بۆ مۆدێرن تووشی ئەنۆمی دەبێت، ئەنۆمی لای دورکهایم گوزارشتە لە پرۆسەیەکی پەرەسەندن بەرەو مۆدێرنە، لەم پرۆسیەشدا تاک لە ئەخلاقی نەریتی دادەبڕێت و بەرەو تاکگەراییەکی تەواو دەڕوات و هاوکات هێشتا ئاکاری نوێی تاکگەرایی کاریگەری لەسەر دانەناوە، بەم پێیەش تاک لە بۆشاییەکی ئاکاری و دەروونی و کۆویژداندا دەژیت واتە نە تاکێکی تەواو نەریتیە نە تاکێکی تەواو مۆدێرنیشە. ١٣
بەم پێیە کاتێک کۆمەڵگە لە نەریتگەراییەوە بەرەو مۆدێرنە دەچێت تاکەکان بەرە بەرە توشی قەیرانی شوناس و بۆشاییەکی ڕۆحی و دەروونی دەبن بەهۆی دابرانیان لە هێزە نەریتیەکانی وەک بنەماڵە و عەشیرەت و ئایین و مەزهەب و ... هتد، ئەم هێزانە مایەی ئارامی و دڵنەوایی دەروونی و جێگیری ڕۆحی و پێکهێنەری شوناسی مرۆڤی کۆن بوون. بەڵام تاک کاتێک لەو هێزانە دادەبڕێت و دەکەوێتە نێو شارە گەورەکان و کۆمەڵگای مۆدێرن تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەبێت لە هەمبەر ڕووبەڕووبونەوەی ژیان. ئیتر تاک هەست بە تەنهایی دەکات و

---

١١ Samuel p. hantington, op.cit, pp ٣٨٧-٣٨٨.
١٢ *چەمکی **گەشەپێدانی سیاسی** چەمکێکی تاڕادەیەک ئاڵۆزە ناتوانین پێناسەیەکی گشتگیر و دیاریکراوی بۆ بکەین بەڵام بە گشتی بیرمەندان و تیۆرسێننانی ئەم بوارە ئەم چەمکە دەبەستنەوە بە بابەتگەلێکی وەک گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە نەریتیەوە بۆ مۆدێرن، لێکجیاکاری بونیادی، دیموکراسی، بەشداری سیاسی، فرەحیزبی، بە دامەزراوەییبوون، یەکانگیری نەتەوەیی ... تد
لویس کۆزەر،(2008)، **دورکهایم ژیان و ئەندێشە**، و.محمد قادر، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی، ل29.
١٣ ئەنتۆنی گیدنز،(2012)، **سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆری کۆمەڵایەتی**، وەرگێرانی دانا شوانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، چاپی یەکەم هەولێر، ل 193.

هەست دەکات کەوتۆتە نێو شوێنێکی قەرەباڵغ کە تیادا کەس بە هانای کەسەوە نایە، پەیوەندیە رۆحیەکان و گیانی هاریکاری و بەسەرکردنەوە ئەمانە هەمووی لاواز بوونە، بە پێچەوانەوە ململانێکان لە پێناو ژیان و مانەوە، خۆ زاڵکردن بەسەر ئەوانیتردا، ئایدۆلۆجیە جۆراوجۆرەکان زۆر توندە . ١٤

لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە نەریتیەوە بەرەو مۆدێرنە یەکێک لەو لایەنانەی کە زۆر جەختی لەسەر کراوەتەوە دروستبوون و گەورەبوونی شارەکان و ژیانی شارنشینیە، چونکە ژیانی شارنشینی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکان لەناو دەبات و وابەستەیی خێڵ و عەشیرەت و ناوچەگەرایەتی لاواز دەکات و نایهێڵێت بەمەش بونیادی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت و پەیوەندیگەلێکی فەرمی و مۆدێرن لە نێوان تاکەکاندا دروست دەکات لەسەر بنەمای شوێنی و پیشەی و پێگەدا. بەڵام هەرچی سەبارەت بە دروستبوون و گەورەبوونی شارەکانە لە هەرێمی کوردستاندا لە ئەنجامی شۆرشی پیشاسازی نەبوو وەکو ئەوروپا تا بەرئەنجامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیشی وەکو ئەوروپا بێت، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاریتر بوو وەکو پرۆسەی تێکدانی گوندەکان لە دەیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ و ڕاگواستنی خەلک بەزۆرەملێ و نیشتەجێکردنی خەلکی گوند و عەشیرەتەکان لە ئۆردوگای زۆرەملێی نزیک شارەکان١٥

هەروەها فراوانبوونی کەرتی گشتی و دامەزراند تیایدا ئەویش بەهۆی بونیادی ئابووری عێراق کە بەگشتی پشتبەستووە بە نەوت، لەگەڵ دواکەوتووی کەرتی کشتوکاڵ و نەبوونی خزمەتگوزاری و هەلی کار لە ناوچە گوندنشینەکان هاوکات بوونی دەرفەتی کاری زۆر لە شارەکان و دامەزراندی زۆر لە کەرتی گشتی شارەکان فراوانتربوون، بەڵام سەرەرای گەورەبوونی شارەکان و فراوانبوونی خوێندەواری و بڵاوبوونەوەی رێژهیی تەکنەلۆجیا و رۆشنبیری و هۆشیاری نەتەوەیی ... کە ئەمانە هەستی خێڵایەتی لەناودەبەن، گەر سەیربکەین خێل و پەیوەندیە خێڵایەتی و نەریتیەکان هەر لەناونەچوون تەنانەت لە هەناوی شارەکانیشدا بەها نەریتیەکانی خۆیان پاراست، ئەمەش چونکە لەلایەک دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆکارانەی کە پێشتر باسمانکرد کە گەورەبوونی شارەکان لە ئەنجامی شۆرشی پیشەسازی نەبوو وەکو وڵاتانی رۆژئاوا، لەلایەکیتر ئەم خێڵ و عەشیرەتانە هەمیشە لەناو دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکاندا خۆیان دەگونجاند تا خۆیان بەرهەمبهێننەوە، لەسەردەمی رژێمی بەعسدا زۆریان لەگەڵ بەعسدا بوون تا پێگەی خۆیان بپارێزن، لە دوای راپەرینی ١٩٩١ یش زۆربەی خێڵ و عەشیرەتەکان چوونە پاڵ هەردوو پارتە سەرەکیەکە(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بەمەش حیزب و خێل تێکەڵ بوون و یەکتریان بەرهەمدەهێنایەوە و پاڵپشتی یەکتربوون، خێڵەکان لەکاتی ئاشتی بەکاردەهێنران بۆ کۆکردنەوەی دەنگ لەکاتی شەڕیشدا وەک چەکدار و شەرکەر سوودیان لێوەردەگیرا، لەبەرامبەریشدا حیزبەکان پارێزگاریان لە نفوزی عەشیرەت وخێڵەکان دەکرد و یارمەتی دارایی و ئیمتیازیان پێشکەشدەکردن بەجۆرێک سەرۆک خێڵ و عەشیرەت بووە پردی نێوان ئەندامانی خێڵ و حیزبە سیاسیەکان کە توانایان هەبوو دەرفەتی دامەزراندن، وەرگرتنی زەوی و زار و دەرفەتی بازرگانی بۆ ئەندامانیان برەخسێنن، ئەمانەو هاوشان لەگەڵ نائامادەیی دەسەڵاتێکی ناوەندی بەهێز و سەرەوەی یاسا و ناکارایی دەزگاکانی حکومەت وایکردووە ئامادەیی و کاریگەری خێڵ و پەیوەندیە نەریتیەکان هەر بمێنێت. بۆیە هەڵەیە گەر شارەکانی هەرێمی کوردستان وەک شاری مۆدێرنی دوور لە هەست و کاریگەری

١٤ محەمەد رەحمان ئەحمەد،(٢٠٢١/٢/٥)، زەمینەی سەرهەڵدانی حیزبی فاشیستی و بەجەماوەریبوونی کۆمەڵگا، دەزگای ستاندەر، - ٩٥٪DB٪B٣٪٨C-٪D٨٪DB٪٩٥٪DB٪٨٦٪٨C٪D٩٪DB٪٨٥٪D٩٪٩٥٪DB٪B٢٪D٨٪/٢٨/٠٢/٢٠٢٠/http://skurd.net. D-٪A٨٪D٨٪B٢٪٨C٪D٨٪AD٪DB٪٨C-٪D٨٪DB٪٨٦٪D٩٪A٧٪AF٪D٨٪D٨٪DA٪B٥٪٩٥٪DA٪BE٪DB٪B١٪D٨٪ fbclid=IwAR٣?/٩٥٪DB٪A٨٪D٨٪-٨٨٪٨C-٪D٩٪AA٪DB٪D٨٪B٣٪٨C٪D٨٪DB٪B٤٪D٨٪A٧٪D٨٪٨١٪٨C-٪D٩٪B k٧٠wfE١fkAiuNTmTQCKU٢wm1MVPjgg8-wR7tTBE8zmItHgZ-KN3NY2qE

١٥ لەیلا ئەمیر،(٢٠٢٠)، نوێبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان: بە جەختکردنەوە لەسەر هەرێمی کوردستان، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەلزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی،ل ١٨٠-١٨١.

خێڵایەتی سەیربکرێت.١٦

بەم پێیەش بێت کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانیش کۆمەڵگەیەکە لە دۆخێکی ڕاگوزەردایە واتە نە بەتەواوەتی کۆمەڵگەیەکی سونەتی و نەریتیە نە تەواو مۆدێرنیشە چونکە هەردوو هێزە کۆمەڵایەتیەکە هەم نەریتخوازەکان هەم مۆدێرنخوازەکان بوونیان هەیە تیایدایە و بەجۆرێک لە جۆرەکان لە ململانێشدان لەسەر ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەویش بەهۆی ئەو گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە بەسەر ئەم هەرێمە هات بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ و سەرهەڵدانی دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەر، بەمەش توشی جۆرێک لە دۆخی ئانۆمی هات لە هەردوو کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.١٧

هەر بۆیە ململانێی سیاسی و دەسەڵاتخوازی لە نێوان هێزە نەریتخوازەکان و هێزە نوێخوازەکان لە هەرێمی کوردستاندا ململانێیەکی زۆر بەرچاوە و کاریگەریشی کردووەتە سەر پانتای سیاسی و پێکهاتەی دەسەڵات، بەجۆرێک نوێخوازەکان دەیانەوێت پانتایی سیاسەت و دەسەڵات لەژێر کاریگەری کەسانی پسپۆڕ و تەکنۆکرات و مۆدێرن بێت بە پێچەوانەوە نەریتخوازەن دەیانەوێت پەیوەندیەکانی بنەماڵەیی و خزمایەتی و عەشیرەتگەری و شێخەکان و ئاغاکان کاریگەریان لەسەر پانتایی سیاسەت هەبێت و لە لوتکەی هەڕەمی دەسەڵاتبن. ئەم ململانێیەی نێوان ئەم دوو هێزە دژ بەیەکە کاریگەری تەواوی کردووەتە سەر گۆڕەپانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێک دام و دەزگا و دامەزراوەکان لە هەرێمی کوردستان نە بەتەواوی مۆدێرنن و لەسەر بەها و ڕێکارە مۆدێرنەکان بەڕێوەدەچن نە بەتەواویش سوننەتی و نەریتگەراییین، ئەمەش دۆخێکی ئانۆمی و پەرێشانی دروستکردووە لە پانتایی سیاسیدا.١٨ بۆنموونە گەر لێی بڕوانین پارتگەلێکی شێوە مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان بوونیان هەیە بەڵام عەقڵیەتی عەشایەری و بنەماڵەیی و خزمایەتی و پەیوەندیە کەسیەکان بەسەریدا زاڵن نەک ڕێسا دیموکراسی و مۆدێرنەکان، دادگا هەیە بەڵام بنەماڵە و عەشیرەتەکان لە دەرەوەی دادگا کێشەکانیان یەکلایی دەکەنەوە ئامادەنین بچنە بەردەم دادگا...هتد

هەروەک ئاماژەمان پێدا، کە پێشتر تاک لە کۆمەڵگای نەریتیدا پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا هەبوو، هەموو لەپاڵ یەکتردا هەستیان بە ئارامی و ئاسایشی دەروونی دەکرد و، زۆر بە سادەیی و بێگەردی باوەڕیان بە هەموو بیروباوەر و داب و نەریتە بۆ ماوەییەکان هێنابوو بەبێ هیچ دوودڵیەک لە هەمبەریان. بەڵام کاتێک تاک دەکەوێتە نێو کۆمەڵگای مۆدێرن ئاشنا دەبێت بە بەها و هزر و ئاڕاستە مۆدێرنە جۆراوجۆرەکان بەمەش دڵبەندی لاواز دەبێت لە هەمبەر بیروباوەر و بەها کەلتووریەکان کە ئازادیە کەسیەکانی بەرتەسکردبووە و سروشتە تاکایەتیەکەی خەفەکردبوو. لە حاڵەتێکی لەم چەشنەشدا تاک بۆشاییەکی دەروونی بۆ دروست دەبێت چونکە لە هێزگەلێک دابڕاوە کە پێداویستیەکی دەروونی ئەون بۆ ئاسایش و دڵنەوایی، بەمەش لەلایەک وەک پێویستیەکی دەروونی پێویستی بەم هێزانەیە، لە هەمانکاتیشدا ناتوانێت بۆیان بگەڕێتەوە چونکە دڵی لە هەمبەر ئەو هێزە نەریتیانە تووشی گومانداری بووە. هەربۆیە تاک بە دوای هێزگەلێکیتردا دەگەڕێت تاوەکو ترس و دڵەڕاوکێ و نامۆییەکەی بڕەوێنێتەوە. بۆ ئەمەش پارتە سیاسیەکان، سەرکردە، ڕێکخستنی سیاسی، ئاڕاستە

١٦ هیوا حاجی خدر،(٢٠٢٠) شار و خێڵ و دابەشبوونە ئیتنیکەکان: خوێندنەوەیەک لە دیدگای تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی،ل١٠٩-١١٣.

١٧ ئیحسان وەڵزی،(٢٠٢٠)، کۆمەڵگەی سیاسەت و سیاسەتی کۆمەڵگە: پەیوەندی نێوان سیاسەت کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی،ل٣٧.

١٨ سالح عمر عیسا،( زستانی ٢٠٢٠)، کاریگەری دیالێکتیکیی سونەت و مۆدێرنیتە لەسەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر/بەرگی ٣/ ژمارە ١/ ،ل٢٩٨-٢٩٩.

و ئایدۆلۆجیە جۆراوجۆرەکان وەک هێز و دیاردەگەلێکی کۆمەڵگەی مۆدێرن شوێنی هێزە نەریتیەکان دەگرنەوە و، تاکەکان خۆیان لە چوارچێوەی هێز و پارتە سیاسیەکان دەتوێننەوە تا لە پاڵیان هەست بە ئاسایش و ئارامی بکەن و ئەو بۆشاییە دەروونیە پڕ بکەنەوە کە لە جێهێشتنی کۆمەڵگای نەریتی و هێزەکانی بۆیان دروست بووە. ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگا بە جەماوەری ببێت و بکەوێتە دەستی حیزبەکان کە ئەمەش بەرامبەرە بە کۆمەڵگەی مەدەنی کە گرینگترین پایەی بەرجەستەبوونی دیموکراسیەتە لە هەر وڵاتێکدا. ١٩

لەم سۆنگەیەوەش گەر لێی بڕوانین، دەبینین بە ڕێژەیەکی بەرچاو دیاردەی بەشداری سیاسی تاکی کورد بەشداریەکی خێڵەکیە و لەسەر بنەمایەی خێڵایەتی و ناوچەگەریایەتیە.٢٠ چونکە خێڵەکان لە شارەکان وون و نامۆ دەبن و هەست بە بچووکی و پەرتەوازەیی و توانەوە دەکەن لە نێو کەلتووری شاردا، هەروەها هەست بە لە دەستدانی هێز و پێگەیان دەکەن چونکە لەلایەک ژیانی شار قورسە و پێویستی بە پیشە هەیە بەمەش ئەندامەکان زیاتر نازناوی پیشەیی وەردەگرن و لە ڕووی ماددیەوە چیتر وابەستەی خێڵ نابن لەلایەکیترەوە ئەندامەکانیان بەهۆی بەرکەوتنیان بە کەلتووری شار و توانەوە تێیدا لە بەها و ڕێسا خێڵایەتیەکان دوور دەکەونەوە و لە خێڵ دەترازێن. ئیتر خێڵ لە ترسی لە دەستدانی بەها و ڕێسا خێڵەکیەکانی و هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی ناچار دەچنە پاڵ دەسەڵات بە شێوازی جۆراوخۆر تا ئاستی بەشداری چەکدارانە.٢١

بەمەش زۆربەی ئەندامانی خێڵ و عەشیرەتەکان بۆ ئەوەی هەست بە ئارامی و دڵنیایی بکەن چوونەتە پاڵ حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم تا لە پاڵیاندا هەست بەهێز و ئاسایش بکەین و ترسیان لە هەمبەر بەرەوڕووبوونەوەی هێز و ئاراستە نوێخوازەکانی شار بڕەوێتەوە. بەمەش کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکە بە حیزبی بووە و بە سیاسیکراوە، کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵاو وڕەنگدانەوەی یەکترن بەڵام لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی پارتە سیاسیەکاندا، بەجۆرێک کە تەبایی پارتە سیاسیەکان دەبێتە هۆی تەبایی کۆمەڵایەتی، ناتەباییشیان دەبێتە هۆی ناتەبایی کۆمەڵایەتی ئەمەش چونکە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا و هێز و گروپە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکان بەسەر حیزبەکاندا دابەش بوونە. ئەوەی لێرەشدا دەبێتە قوربانی ڕۆحیەتی کۆمەڵگای مەدەنی وکاریگەریەکانیەتی بەسەر دەسەڵاتدا کە فاکتەرێکی کرنگی گەشەپێدانی سیاسیە لە هەر وڵاتێکدا٢٢

لە سەرەنجامدا دەتوانین بڵێین گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا گۆڕانێکی زۆر ئەرێنی نەبووە و نەیتوانیوە تەواو کۆمەڵگەی ئێمە بگوازێتەوە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیەوە بەرەو مۆدێرن بەڵکو لە دۆخی ئانۆمی ڕاگوزەر دایە، بە گوزارشتێکیتر نەیتوانیوە هێزە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکان لاواز و ڕیشەکێش بکات لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم هێزانە خۆیان خزاندۆتە ناو دەسەڵات و پارتە دەسەڵاتدارەکان و لەوێشەوە یەکتر بەرهەمدەهێننەوە. ئەم بونیادە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەش کە بونیادێکی نەریتی و سونەتیە بووەتە یەکێک لەو ئاڵنگاریانەی بەردەم پڕۆسەی بە مۆدێرنکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

١٩ محەمەد رەحمان ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو.
٢٠ ئاشتی مەجید پیرۆ،(٢٠١٦)، هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان- بەشی زانستە سیاسیەکان، هەولێر- ل ١٠٣.
٢١ جەبار إسماعیل أحمد،(٢٠١٩)، چەمکی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری میشێل فۆکۆ دا و دەرکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، سلێمانی، ،ل 154-153.
٢٢ مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر،(٢٠٢٠)، کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور لە نێوان یەکگرتووی و پەرتەوازەییدا، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی،ل ٢٢٠-٢٢١.

## ٢-٢ پەیوەندی نێوان دەسەڵات وهێزە کۆمەڵایەتیەکان

یەکێک لەو پێشمەرجانەی کە لایەنگران و تیۆرداڕێژەرانی بە مۆدێرنکردن بۆ بە دیموکراسیبوون و بە مۆدێرنبوونی سیستەمی سیاسی هەر وڵاتێک داناوە بریتیە لە بونیادی کۆمەڵایەتی(social structure)، بەو مانایەی ئەگەر بێتوو بنیادی کۆمەڵایەتی هەر وڵاتێک کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، دەستە و کۆمەڵەی بازرگانی، یەکێتیەکانی پیشەیی، گروپە لکاوەکانی ئایینی و ئیتنی و...، گروپی ژنان و یەکێتیەکانی کار، میدیا... چالاک و کارا و سەربەخۆبوون و بتوانن بە شێوەیەکی مۆدێرن خۆیان ڕێکبخەن ئەوا دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ ببینن لە گەشەپێدانی سیاسی و بەرجەستەکردنی دیموکراسیەت و سنوردارکردنی پانتایی دەسەڵات. هەروەها پێیان وایە گەر ئەو گروپە ناوەندیانە کە وەک پردێکن لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی گەر لە هەر سیستەمێکدا هەبوون ئەوا دەبنە بەردی بناغە بۆ بە دیموکراسی بوونی ئەو سیستەمە بەپێچەوانەوەش نەبوونی ئەم گروپە ناوەندیانە هەڵبەت بەشێوەیەکی ئەکتیڤ و مۆدێرن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایە هەمیشە لەبەردەم مەترسیدابێت بۆ هەژموونکردنی لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیەوە واتە دەسەڵاتی سیاسی تەواو پانتایی کۆمەڵایەتی داگیربکات.٢٣

بەم پێیەش ڕادەی گەشەپێدانی سیاسی و دیموکراسیبوونی هەر ڕژێمێک دەوەستێتە سەر دیاریکردنی پانتایی هەر یەک لە دەوڵەت و کۆمەڵگای مەدەنی، کە ئایا پانتای کۆمەڵگا چەندە و، دەسەڵاتی سیاسی تا چ ئەندازەیەک ڕێز لەو پانتاییە دەگرێت؟ بەمەش هەرچەندە پانتایی دەسەڵاتی کۆمەڵگا فراوانبێت و دەسەڵاتی دەوڵەت بچووک و سنوردار بێت ئەوا نیشانەی بە دیموکراسی بوونی ئەو ڕژێم و وڵاتەیە، بە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. هەروەها دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەپێی پێداویستیەکانی بنیاد و وداڕشتەی کۆمەڵگە و وەرچەرخانەکانی سیاسی و ئابووری و کەلتووریەوە سەرهەڵدەدەن بە سروشتی خۆیان و خۆرسکانە، بەم شێوەیە دامەزراوەگەلێکی وەک یەکێتیەکان و سەندیکاکان و گروپەکانی فشار بۆ ئەوە سەرهەڵدەدەن کە خواست و داواکاریەکان بگۆڕن بۆ سیاسەتی گشتی و تیایدا بەشداربیکەن. ٢٤

لێرەدا پیویستە بپرژێینە سەر باسی سروشتی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگە و هێزەکۆمەڵایەتیەکان لە هەرێمی کوردستاندا. کە ئایا ئەو دوو پانتایی و کایە تا چەند جیاوازن؟ چۆن کارلێکدەکەن و ئاستی کاریگەریەکانیان لەسەر یەکتر چۆنە؟ بەمانایەکیتر ئایا کۆمەڵگەی ئێمە ئەو ڕۆحیەتە مەدەنیەی تیادا هەیە کە بتوانێ خۆی ڕێکبخات لە ڕێکخراوگەلێک کە بەشێوەیەکی مەدەنیانە کاریگەری لەسەر دەسەلاتی سیاسی دروست بکات و پانتاییەکەی سنوردار بکات؟ یاخود نەخێر ئەوە دەسەڵاتی سیاسیە کە هەژموونی بەسەر پانتایی کۆمەڵگەدا کردووە و بە ئارەزووی خۆی مۆبیلیزەیان دەکات؟

بۆ ئەمەش ئەگەر شیکردنەوە بۆ پەیوەندی نێوان کۆمەڵگا و دەسەڵاتی سیاسی بکەین لە هەرێمی کوردستاندا ئەوا سەرەتا دەبێت هێز و گروپە کۆمەڵایەتیەکان بناسین و، باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و ڕۆڵیان بکەین پاشان بۆمان دەردەکەوێت کە ئایا کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکی لیبراڵ و کارتێکەرە یان کۆمەڵگایەکی جەماوەری و کارتێکراوە، ئایا ئەوە هێز و گروپە کۆمەڵایەتیەکانن کە پارتەکان و دەسەڵاتی سیاسی ساز و مۆبیلیزە دەکەن یان بە پێچەوانەوە

٢٣ Mohamad zahir akbary, (٢٠٢١/feb/٨), **why democracy is not succecsfull in third world countries,daily outlook Afghanistan**, http://www.outlookafghanistan.net/topics.php?post_id=٢٥٤١٥.

٢٤ عەبدول عەلی قەوام،(٢٠٠٩)، بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و، هیوا مەجید خەلیل، چاپخانەی موکریانی- هەولێر، ل ١٧٢.

پارتەکان و دەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵگا مۆبیلیزە دەکات؟

بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا دوو جۆر گرووپ و هێزی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە، یەکەمیان گرۆپە (نافەرمی و لکاوەکان) وەکو خێڵ و عەشیرەت و بنەماڵە کە ئەمە تایبەتمەنیەکی هەموو کۆمەڵگایەکی سونەتی و کلاسیکیە، هەروەها پێکهاتە ئیتنیکی و ئایینیەکان، کە ئەندام بوون تیایدا داخراوە لەسەر بنەمای خوێن و ئینتسابیە، دووەمیان گرۆپە فەرمییەکانن وەکو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و یەکێتیەکانی پیشەییە کە ئەندام بوون تیایدا ئیکتسابیە واتە خۆت دەچیتە ناوی و ئەندامیەتی بەدەست دەهێنی.٢٥ یەکەمیان واتە تیرە و هۆز و خێڵ و عەشیرەتەکان پێکهاتەیەکی گرنگ و بنەڕەتی کۆمەڵگای ئێمەن و کاریگەریشیان لە نەوەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە، بەجۆرێک لە گشت کایەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی ڕەنگی داوەتەوە.٢٦

لەم سۆنگەیەوەش ئەوەی دەبینرێت ئەو گرۆپە لکاوە نافەرمیانە پەیوەندیەکی توندوتۆڵیان لەگەڵ هەردوو پارتی باڵادەست (پدک- ینک) هەیە لە هەر یەک لە دەڤەرەکانیان. ئەم هۆزو تیرە و بنەماڵە و خێڵانە ڕێکخستنێکی تەقلیدیان هەیە وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەو هێزەش بکەن کە هەیانە هەمیشە دەچنە پاڵ هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی کە حوکمی دەڤەرەکەیان بکات. ئەم هێزە کۆمەڵایەتیانە بەهۆی بوونی بنەما و پێکهاتە تەقلیدیەکانیان هەمیشە دژی گۆڕانی بونیادی کۆمەڵگا و بەرەو مەدەنی بوونن، بۆ ئەمەش نەک هەر فشاری گۆڕانکاری لەسەر دەسەڵات ناکەن بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەوان بوونەتە بەشێک لە ویستی دەسەڵاتی سیاسی چونکە بوونی ئەم گرۆپانە پەیوەستە بە چەقبەستووی کۆمەڵگا. هەر جۆرە گۆڕانکاریەک و گەشەسەندنێکی کۆمەڵایەتی و کرانەوەیەک دەبێتە هۆی لاوازبوون و لە ناوچوونی ئەم گرۆپە داخراو و پارێزکارانە. ئەم گرۆپە نەریتیانە هیچ بەرنامە و پرۆگرامێکیان نیە بۆ ڕەوتی گەشەسەندنی گۆمەڵگاو، ناشیانەوێت پێکهاتەی کۆمەڵگا گۆڕانکاری بەسەردا بێت چونکە هەر بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاریەک لە پێکهاتەی کۆمەڵگا یەکسانە بە لاوازبوون و لە ناو چوون نەمانی ڕۆڵی ئەوان هەروەها دەبێتە هۆی نەمانی ئەو پوان و سوودە ماددیانەی کە لە دەسەڵاتی سیاسی وەریدەگرن لە بەرامبەر ملکەچی و گوێڕایەڵیان، بۆیە ئەوان هیچ نارەزایەتیەک دەرنابڕن بەرامبەر دۆخی هەیی چەقبەستوو. ٢٧

لەسەر ئەم بنەمایە دەسەڵاتی سیاسیش نایەوێت هیچ گۆڕانکاری گەشەکردنێکی کۆمەڵایەتی بێتە کایەوە چونکە ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر پێکهاتەیەکی خێڵەکی وەستاون دەستەمۆکردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە زۆر ئاسان دەبێت. سەرۆکی خێڵ یان عەشیرەت لایەنگیر بکە، ئیتر دەست و پێوەندەکانی خوارەوەش خۆکردانە (ئۆتۆماتیکی) رازیدەبن بەمەش ئەم ئەرکە قورسە لەسەر حیزبی دەسەڵاتدار لادەچێت کە بچێت یەک یەک تاکەکان رازیبکات. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا دەبینین لە کاتی هەڵبژاردندا حیزبی دەسەڵات لە زۆربەی خێل و عەشیرەتێک کاندیدی خۆی هەیە هەم لە پێناو رازیکردنیان هەم لەپێناو راکێشان و کۆکردنەوەی دەنگ لێیان. سەرەڕای سوود و دەستکەوتی ماددی وەکو دیوەخانە و چەکدارکردن و دامەزراندنی ئەندامانی خێڵەکە و کاربەڕێکردنیان لە دامەزراوەکان و ...هتد لەبەرامبەردا ئەوانیش تەواو دەبنە گوێڕایەڵ و پاڵپشت و بەرگریکاری دەسەڵاتی سیاسی.٢٨ بۆ وێنە لە هەڵبژاردنی <u>پەرلەمانی کوردستان</u> لە ساڵی ٢٠١٨ پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆی ١٠٠ بەربژێر ٦٢ بەربژێریان پاشناوی خێل

٢٥ محمد رحمان احمد،(٢٠٢١/٢/١٧)، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێزەکۆمەڵایەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ناوەندی حەمرین بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، http://www.hamrincenter.com/News.aspx?id=77&MapID=11&fbclid=IwAR2PFucdP-GrusKePinPopnb8kOgGkGBfl8Cg-B0C7-Ujr3DqtYZ1Fidp3g8.

٢٦ ئەمین فەرەج شەریف،(٢٠١٩)، حکومڕانی باش لە هەرێمی کوردستاندا- پایە و ئاستەنگەکانی، و. لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی- هەولێر، ل313.

٢٧ محمد رحمان احمد، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێزەکۆمەڵایەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو.

٢٨ هەمان سەرچاوە.

و عەشیرەت و دەڤەریان پێوەبوو وەکو( خۆشناو، سورچی، خەیلانی،هەرکی، زراری،سیان، مزوری،زێباری، دۆلەمەڕی، هەورامی، سرێشمەیی،جاف، دۆسکی،سندی، ڕۆژبەیانی، کاکەیی...تد. لە کۆی ٤٥ بەربژێری دەرچووش بۆ پەرلەمان ۳۰ دانەیان لەم جۆرە پاشناوە سونەتی و نەریتیانەبوون.۲۹

بەم پێیەش بۆ دەسەڵاتی سیاسی زەحمەت دەبێت کە بتوانێت چاکسازی و گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی لە بواری کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە ئەنجامبدات چونکە پێکهاتەی خێلەکی دژی مەدەنیەت و ملکەچیە لە هەمبەر یاسا. خێلەکان هەمیشە لەگەل ئەوەدان کە بەرێککەوتن لەگەڵ هێزێک یا حیزبی دەسەڵاتدار پارێزگاری لە هێز و هەژموونی کۆمەڵایەتی خۆیان بکەن و وەکو خەڵکی گشتی یەکسان نەبن لە هەمبەر یاسای مەدەنی بۆیە تا ئێستاش لە بابەتی شەڕ و کوشتن ددان بە یاسا دانێن و ئامادەنین بچنە دادگا ئیتر خودی دەسەڵات هەندێکجار ناچار دەبێت خۆی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیان بۆ بکات ! بەکورتی لەنێوان خێلەکان و دەسەڵات بەرژەوەندیەکی ئاڵۆگۆر هەیە کە بەربەستە لەبەردەم گەشەسەندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بە مەدەنی بوونی کۆمەڵگا. ۳۰

لە گرۆپە لکاوەکان جۆری دووەمیان بریتین لە پێکهاتە ئیتنی و نەتەوەیی و ئاینیەکان. ئەمانە هەرچەندە گروپی لکاون بەڵام توانیویانە خۆیان ڕێکبخەن لە شێوەی ڕێکخستنێکی مۆدێرن و پارتی سیاسی پێکبهێنن بەڵام وەکو هێزە لکاوە نەریتیەکانیتر کاریگەرییان نەبووە بەمەبەستی ڕهوتی بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی سیاسی، بەڵکو بەهۆی بەرژهوەندی ئاڵوگۆڕیان لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی وەکو پاشکۆی دەسەڵاتیان لێهاتووە و هیچ بەرهەڵستکاریەکی وایان نەبووە لە هەمبەر گەندەڵی و نادادی و پیشێلکاریەکان ...هتد. بەم شێوەیە ئەم گروپە لکاو نەسەبیانە لەلایەن دەسەڵات دەپارێزرێن وهەندێکجار دەنگیشیان بۆ کۆدەکرێتەوە بەمەش پەیوەندیەکە پێچەوانە دەبێتەوە واتە دەسەڵات کاریگەری لەسەر ئەم گروپانە دادەنێت و بە ئارەزووی خۆی چۆنی بیەوێت وا ساز و مۆبیلیزەیان دەکات. ئەمەش زۆر بەروونی دەبینرێت چ لە پەرلەمان یا لەدەرەوەی پەرلەمان هاوئاهەنگن لەگەڵ سیاسەتەکانی دەسەڵات، هیچ بەرهەڵستکاریەکی ئەوتۆی سیاسەتەکانی پارتی دەسەڵاتدار ناکەن ۳۱ .

هەروەها ئەو پارتانەی کە نوێنەراتی کەمینەکان دەکەن و بە سیستەمی کۆتا دەچنە پەرلەمان لە ناو خودی کەمینەکانیش ناکۆکی و مشتومڕی لەسەرە چونکە لەلایەن پارتی دەسەڵاتدارەوە بەتایبەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دەستێوەردانیان تێدا دەکرێت و دەنگیان بۆ کۆدەکرێتەوە، بەمەش ئەو کەمینانە لە پەرلەمان و لە هەڵوێستی سیاسیان زیاتر وابەستەی سیاسەت و بڕیارەکانی پارتی دیموکراتن و دەنگیان لەپاڵ دەنگی ئەوانە، بەم پێیەش زۆرێک لەو پێکهاتە و کەمایەتیە ئیتنی و ئاینی و نەتەوەییانە پارت و نوێنەرەکانی خۆیان لە پەرلەمان بە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان نازانن چونکە پێیانوایە ئەمانە زیاتر بەرجەستەکاری ویست و سیاسەتەکانی حیزبی باڵادەست و دەسەڵاتدارن نەک هی کەمینەکان.۳۲

یەکێک لە نموونەکانیش بۆ ئەمە، لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی هەرێم کە لە ٨ نیسانی ۲۰۲۱ بەسترا کە تیایدا باسی ئاینده و یەکریزی لایەنەکان و پێکهاتە نەتەوەییەکانیش کرابوو، (ئانۆ جەوهەر) کە وەزیری گواستنەوە و گەیاندنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستانە وەک نوێنەری پێکهاتەی مەسیحیەکان بەشداری تێدا کردبوو، بەڵام لەبەرامبەردا (پارتی دیموکراتی بەیتولنەهرێن) کە پارتێکی ئاشووریە ڕایگەیاندن کە ئەو کەسەی بە نوێنەرایەتی ئێمە بەشداری لە کۆبوونەوە کردووە بە هیچ شێوەیەک نوێنەرایەتی

۲۹ بڕوانە لاپەڕەی کاندیدانی پارتی دیموکراتی کوردستان (۲۰۱۸)- https://web.facebook.com/Kandidan.PDK/photos(22/8/2021).

۳۰ محمد رحمان احمد، پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێزەکۆمەڵایەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو.

۳۱ هەمان سەرچاوە.

۳۲ موسڵح ئیروانی،(۲۰۲۰)، کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری **کوردستان**، ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی، هەولێر ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی، ل 83-82.

ئێمە ناکات نە لەم کۆبوونەوەیە نە لە هیچ شوێنێکیتر.٣٣
هەر لەم سۆنگەیەوەشە نەک هەر لەلایەن کەمینەکان بەڵکو لەلایەن پارتەکانیتریش بەتایبەتی حیزبە بەرهەڵستکارەکان دژایەتیان دەکرێت و سەرزەنشت دەکرێن چونکە لەکاتی ململانێکاندا ئەم حیزبە کەمینە و کۆتایانە زۆرجار خۆیان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکلایی دەکەنەوە لە دژی حیزبەکانیتر.٣٤ هەروەها لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (ئایدن مەعروف) کە لێپرسراوی مەکتەبی بەرەی تورکمانیە لە هەرێمی کوردستان هاوکات وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پێکهاتەکان لەسەر پشکی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە ئاراستەی کرابوو، کە ئەو پەرلەمانتارە تورکمانانە بە دەنگی تورکمانەکان دەرچوون یان بە پلان بە هاوڵاتیانیتریش گوتراوە کە دەنگیان پێبدەن؟ لە وەڵامدا نەک هەر ئەمەی ڕەتنەکردۆتەوە بەڵکو ڕاشیگەیاندووە بەڵێ پارتی دیموکراتی کوردستان دەستێوەردان لە کاروباری تورکمان دەکاتن.٣٥
جۆری دووەمی گرۆپ و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی هەرێمی کوردستان کە خۆی بەرجەستە دەکات لە گرۆپ و رێکخراوە فەرمیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. دوای ئازادبوونی هەرێمی کورستان لە ١٩٩١ جموجۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنیش هاوشانی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەریهەڵدا. ئەوەبوو چەندین ڕێکخراو دەستە و سەندیکا پیشەییەکان و دواتر هەندێک لە رێکخراویتری کۆمەڵگەی مەدەنی سەریانهەڵدا کە گرنگیان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری دەدا وەک ڕۆشنبیری سیاسی و یاسای ودەستووری و مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتان و پرسە کۆمەڵایەتیەکان. ٣٦
ئەم گرۆپ و کۆمەڵە و ڕێکخراوانە لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا ڕۆڵی بەر چاویان هەیە لە کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پارتەکان و پانتایی دەسەڵات لەسەر داڕشتنی سیاسەتی گشتی وولات و گێڕانی ڕۆڵی پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگا لە هەمبەر دەسەڵاتی سیاسدا و ڕێگریکردن لەوەی دەسەڵاتی سیاسی بە ئارەزووی خۆی خەڵک بەلاڕێدا ببات و ئاڕاستەیان بکات ئەویش وەک ئاماژەمان پێدا بە هۆی ئەو کاریگەریانەی کە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دایدەنێن لە ڕێگا و میکانیزمە جۆراوجۆرەکانەوە. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دیسان پەیوەندیەکە بە پێچەوانەیە. لێرەدا زۆربەی ئەم گرۆپ و سەندیکا پیشەیی و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیە مەدەنیانە لەلایەن خودی حیزبەکانەوە یاخود بە پاڵپشتی ئەوانەوە دروست دەکرێن، هەر لە لایەن ئەوانیشەوە ئاڕاستە دەکرێن، پارت و دەسەڵاتی سیاسی هەڵدەستێ بە پێدانی و دابینکردنی بودجە و موچەی مانگانەیان پێدەدات بەمەش بێگومان ئەم ڕێکخراوە بە ناو مەدەنی و کۆمەڵایەتیانە دەکەونە ژێر کاریگەری حیزبی دەسەڵاتدار، ئیتر ناتوانن وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و مەدەنی هیچ فشارێک لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دروست بکەن. هەروەها نەیانتوانیوە تا ئێستا بەرگێکی مەدەنی بەبەر کۆمەڵگای کوردی بکەن بەڵکو لەلایەن زۆرێک وەک دوکانێکی بازرگانی وەسف دەکرێن کە تەنها خەریکی موچە و بودجە وەرگرتنن لە پارتەکان و دەسەڵاتی سیاسی. بەمەش دیسان هەر ئەوە پارتەکان و دەسەڵاتی سیاسیە کە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا و گرۆپەکانی نێویدا دەنێت و چۆنی بیەوێ ئاوا ئاڕاستە و مۆبیلیزەیان دەکات، بەجۆرێک لە جیاتی ببنە نوێنەری ئەو چین وتوێژانە و گوزارشت لە خواست و داواکاریەکانیان بکەن کە

٣٣ بڵاوکراوەی سایتی درەو میدیا، لە (٢٠٢١/٤/٩)، https://www.facebook.com/drawmedia/posts/٩٤٧١٩٩٧١٩٤٤٢٣٤٥.
٣٤ موسڵح ئیروانی، سەرچاوەی پێشوو،ل ٨٢-٨٣.
٣٥ چاوپێکەوتنی سایتی ئاژانس لەگەڵ ئایدن مەعروف، لە( ٢٠١٩/٣/١٠)، سایتی ئاژانس، ٢٠٢١/٥/١، https://azhans.krd/%D8%B3%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%DB%86%D9%83%DB%8C-%D9%81%D8%B1%D8%A7%D9%83%D8%B3%DB%8C%DB%86%D9%86%DB%8C-%D8%A8%D9%87%E2%80%8C%D8%B1%D9%87%E2%80%8C%DB%8C-%D8%AA%D9%88%D8%B1%D9%83%D9%85%D8%A7%D9%86%DB%8C/.
٣٦ ڕزگار محمد قادر،(٢٠٠٧)، لە پێناو کوردستانێکی نوێدا، چاپخانەی مناره - هەولێر، ل٢٤٧ .

بەناوی ئەوانەوە کار دەکەن بەڵکو بوونەتە نوێنەری حیزبەکانیان لە نێو ئەو چین توێژانە. ٣٧

بێگومان یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی لاوازی و ناچالاکی و وابەستەی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەک پێشتر باسمان لێوەی کرد فراوانبوونی شارەکان و دروستبوونی چینی ناوەند کە پێکهێنەر و داینەمۆی هێزی کۆمەڵگەی مەدەنیە لە ئەنجامی شۆرشی پیشەسازی و چینە بازرگان و خاوەنکارە سەربەخۆکان نەبووە٣٨ بەڵکو زیاتر بەهۆی فراوانبوونی کەرتی گشتی و دامەزراند بووە لەلایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە چونکە عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە وڵاتێکی دەوڵەمەندی خاوەن نەوتن، تا ئێستاش عێراق نزیکەی لە ٩٣٪ داهاتی گشتیان پشت بەهەناردەکردنی نەوت دەبەستێ، نرخی نەوتیش ناجێگیرە لە بازارە جیهانیەکان، بەمەش لە هەر شۆکێکی ئابووریدا کە داهاتی دەوڵەت کەمبێتەوە ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی ئەم چینە و بەرەو چینی خوارەوەیان دەبات، بەم پێیەش هەردوو حکەمەتی عێراق و هەرێمی کوردستانیش کە پشت بە داهاتی نەوت دەبەستن توانای فراوانکردنی کەرتی گشتیان هەبووە ئەمەش وایکردووە چینی ناوەند لەڕووی دارایی و ئابووریەوە زیاتر وابەستەیی دەسەڵاتی سیاسی بێت و نەتوانن وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ بەرهەڵستکاری دەسەڵات بکات.٣٩

سەرەڕای کۆمەڵگەی مەدەنی و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەییەکان هەروەها میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاندیش زۆربەیان سەربەخۆنین جا ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ سەر بە پارتەکانن ئەمەش دەبێتە ناکارایی ئەو دەزگا و ئامرازانەی ڕاگەیاندن و جولاندنی ڕای گشتی و دروستکردنی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی و حکومەت.٤٠ ئەمەش چونکە زۆربەیان هەڵقولاوی هەناوی حیزبن و هەژموونیان بەسەردا کراوە لەلایەن پارتە دەسەڵاتدارەکانەوە بەتایبەتی (پدک- ینک )چونکە ئەمەش بەهۆی هەژموونی ئەو پارتانە بەسەر لایەنی ئابووری و دارایی گشتیدا، پاشان پارتەکانیتریش هەوڵیانداوە هەمان ڕێچکەی جووت پارتی دەسەڵاتدار بگرنەبەر و میدیا و ڕێکخراوی پیشەیی سەر بەخودی خۆیان هەبێت، بەمەش ئەو میدیا و دەزگایانەی ڕاگەیاندن خزمەت بە سیاسەتی پارتەکان دەکەن و خەریکی ململانێی پارتایەتی و هەڵدانەوەی فایلی کەسی و سوکایەتی بە یەکترن نەک ڕەخنەگرێکی بێلایەن و سیاسەتێکی بابەتیانە پەیڕەوبکەن لە پێناو هۆشیارکردنەوەی جەماوەر، سەرئەنجام میدیا و دەزگاکانی ڕاگەیاند لەجیاتی دروستکردنی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی دەبنە ئامرازێک بە دەست دەسەڵاتی سیاسی و پارتەکانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر و بەلاڕێدابردنی پرسە جدیەکان و جەختکردن لەسەر کۆمەڵێک بابەتی لاوەکی و سەرگەرمی.٤١

جگە لەوەش کەرتی تایبەت ڕۆڵ و کارایی زۆری هەیە لە بەهێزکردنی پانتایی کۆمەڵگە بەرامبەر بە دەسەلاتی سیاسی، کە لە زۆربەی وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکاندا پیاوانی کار و سەرمایەدارەکان و خاوەن کۆمپیانیاکان ڕۆڵ و کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر سیاسەت و بڕیار بەدەستان چونکە ئەمانە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەسەر جولەی بازار و ئاستی ئابووری وڵات بەمەش دەسەلاتداران ناچارن گوێیان بۆ بگرن و بکەونە ژێر کاریگەریان، جگە لەمەش تەنانەت لە کاتی بانگەشە و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن هەڵدەستن بە پارەدارکردنی بەربژێرەکانی پارتەکان و کاریگەری نواندن لەسەریان. بەڵام هەرچی لە هەرێمی کوردستانە هەست بە ناسەربەخۆیی و ناکارایی

٣٧ هەمان سەرچاوە.
٣٨ هیوا حاجی خدر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.
٣٩ موحەمەد حوسێن،(نیسانی٢٠٢٠)، چینی ناوەڕاست لە کوردستاندا: ڕۆڵ و کاریگەری لە گەشەی ئابووری و حکومڕانی باشدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی- گردی سەرچنار،ل٩.
٤٠ ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.
٤١ جەبار إسماعیل أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣-١٧٤.

زۆر دەکەین لە کەرتی تایبەت چونکە زۆربەی پڕۆژەکان ئابووریە گرینگەکان لەلایەن کۆمپانیاکانی نزیک لە دوو پارتی دەسەڵاتدار قۆرغکراوە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان.٤٢

ئاستی ئەم قۆرغکاریەی کەرتی تایبەتیش بەجۆرێکە تەنانەت زۆرێک پێیانوایە ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان زیاتر کەرتی حیزبیە نەک کەرتی تایبەت چونکە زۆربەی (پڕۆژە ئابووریە گەورەکان، کارگە گەورەکان،جادەوبان و پردەکان، پاڵاوگە، هاوردەکردن و بازرگانی دەرمان و ئوتومبێل و جگەرە و...، کرینی گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا...تد) ئەمانە زۆربەیان سەر بە کۆمپانیاکانی نزیک لە هەردوو پارتی دەسەڵاتدارن، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کەرتی نەوت کار دەکەن وەک لە بوارەکانی( ئاسایش و پاراستنی کێڵگە نەوتیەکان، خزمەتگوزاری، گواستنەوەی نەوتی خاو) لەلایەن کۆمپانیاکانی بەرپرسەکانی هەردوو پارتەوە قۆرغکراوە. بەمەش کاتێک پارتی دەسەڵاتدار هەژموون دەکات بەسەر کەرتی تایبەت و پڕۆژە ئابووریە گرینگەکان ئەوا ئەم کەرتەش دەکەوێتە ژێر هەژموون و کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی بەمەش ئەوە دەسەڵاتی سیاسیە کاریگەری لەسەر دروست دەکات نەک کەرتێکی تایبەتی سەربەخۆ و چالاک کاریگەری لەسەر دەسەلاتی سیاسی دروستبکات.٤٣

کەوایە گروپەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دروست بکەن، بە پێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسیش دەتوانێ کاریگەریان لەسەر دروست بکات، بەڵام پرسەکە لێرەدا ئەوەیە کە کامە لایەن کۆنترۆڵی ئەویتر دەکات و کاریگەری لەسەر دەنوێنێت، سەرەنجام گەر گروپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بتوانن کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی سیاسی دروست بکەن ئەوا دەتوانن سنور بۆ دەسەڵاتی سیاسی دەبنێن و خواست و داواکاریەکانی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن بەڵام گەر بە پێچەوانەوە بوو ئەوا دەسەڵات و پارتە سیاسیەکان خواست و داواکاریەکانی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن و دەیانکەن بە پاشکۆ خۆیان. ٤٤

بەم شێوەیە لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا کە لە دۆخێکی ڕاگوزەر و ململانێ دایە لە نێوان هێزە نەریتی و هێزە مۆدێرنەکان. تایبەتمەندی و دیاردەکانی هەم کۆمەڵگەی نەریتی هەم کۆمەڵگەی مۆدێرنی لەخۆگرتووە. لەلایەک بونیادێکی جیاکاری کۆمەڵگە و ئەرکی هەیە کە خۆی لە چەندین بونیاد و کایەی جیاجیای مۆدێرنە دەبینێتەوە وەک کایەکانی(ئایین، زانست، پەروەردە، ئابوور، زانکۆ، میدیا، کارگێری، هونەر...تد) بەڵام لەلایەکیتر کاریگەری و دەرکەوتەکانی ئەمانە وەکو کۆمەڵگە مۆدێرنەکان نیە، بەڵکو ئەم کایە جیاجیایانە لە پەیوەندیەکی نا هاوسەنگ و هەرەمی دان لەگەڵ کایەی دەسەڵاتی سیاسی، بە گوزارشتێکیتر کایەی دەسەڵاتی سیاسی هەژموونی بەسەر هەموو ئەم کایە جیاجیانەدا کردووە، ئەمەش وادەکات ئەم کایانە بە پێوەر و لۆژیکی دەسەڵاتی سیاسی کاربکەن نەک بە پێوەر و لۆژیکی خۆیان ئەمەش دەبێتە هۆی پاسیڤبوونی ئەم کایانە و دواجار گەشەنەکردن و پێشنەکەوتنیان، بۆ نموونە کاتێک زانکۆ کە ئەرکی بریتیە لە جیاکرنەوەی ڕاست لە ناڕاست و پەرەدان بە توانای خوێندکار و ئاستی زانستی، دەگۆڕێت بۆ ئەوەی چ شتێک لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسیە چ شتێک زیان بە دەسەڵاتی سیاسی دەگەێنێت، یاخود ئەرکی ئابووری کە بریتیە زیادکردنی قازانجی گشتی و ڕێکخستنەوەی داهات، دەگۆڕێت بۆ ئەوەی چ سیاسەتێکی ئابووری بۆ دەسەڵاتی سیاسی باشە چ سیاسەتێکیش بۆی خراپە، یاخود ئەرکی کایەی ئایین کە لە پێوەرەکانی باڵاییەوە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی چ گوتارێک و فەتەوایەک بۆ دەسەڵاتی سیاسی باشە کامەشیان خراپە. ئەوا هەموو ئەو کایانە پاسیڤ دەبن و ناتوانن گەشەپێدان ئەنجام بدەن لەناو خۆیاندا.٤٥

٤٢ ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٩٢.

٤٣ غالب موحەمەد،(٢٠٢١/٢/١٧)، سنور میدیا، https://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=١٦٩٩٣

٤٤ پێشڕەو علی محمدامین،(٢٠١٩)، کاریگەری حکومڕانی دروست لەسەر کاراکردنی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی، دکتۆرانامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، سلێمانی، ل 43.

٤٥ ئیحسان وەڵزی، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٨.

### ٣-٢ دیموکراسیەت و داکەوتی بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری

زۆرێک لە توێژەران و بیرمەندان، گەشەپێدانی سیاسی هاوئاست دەکەن بە بەدیموکراسی بوونی ژیانی سیاسی و فرەپارتی و هەڵبژاردن و بەتایبەتیش زۆریان جەخت لەسەر بەشداری سیاسی دەکەنەوە، بەڵام ئایا بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەو وڵاتە تازە پێگەیشتووانە تا چەند لەبارە بۆ لە خۆگرتنی میکانیزمەکانی دیموکراسی و ئەو پەیوەندی و لێکەوتانەی کە دروستی دەکات خزمەت بە ئامانجەکانی دیموکراسی و گەشەپێدانی سیاسی دەکات؟ بەمانایەکیتر ئەم جۆرە بونیادە کۆمەڵایەتی و کەلتووریانە هیچ ئاڵنگاریەک دروست دەکەن لە بەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی و دیموکراسی؟

بێگومان لە داکەوتی (واقع) کرداریدا دیموکراسی حوکمی گەل نیە بەڵکو تەنها هەڵبژاردنی تاقمی حکومڕانە لەلایەن گەل. بەم پێیەش بێت پارتە سیاسیەکان هەمیشە نیازداری خەڵکن، بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵک و گەلیشەوە هەڵبژێردرێن دەبێت تەواو خۆیان لەگەڵ داکەوتی کۆمەڵایەتی و بیروباوەر و نەریتی کۆمەڵگا و خەڵکەکە بگونجێنن. چونکە پارتی سیاسی گوزارشتە لە داکەوتێکی کۆمەڵایەتی .هەر پارتێکیش بتوانێت گوزارشت لە داکەوتی ئەو کۆمەڵگایە بکات کە تیایدا هەڵقوڵاوە، بتوانێت گوزارشت لە خواستی چین و توێژ و هێزە کۆمەڵایەتیەکانی نێو کۆمەڵگا بکات ئەوا ئەم پارتە برەودەسێنێت و گەشە دەکات، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە ٤٦.

هەروەک بیرمەندی سیاسی ئەمریکی( ئەنتۆنی داونز) Antony downs دەڵێ «ئامانجی پارتە سیاسیەکان بریتیە لە بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران».٤٧ بۆ ئەو مەبەستەش داونز پێیوایە ئەو بەرنامەیەی پارتە سیاسیەکان دایدەنێن بەتایبەتی لەکاتی هەڵبژاردن، هەروەها ئەو سیاسەتانەی پارتی سیاسی دایدەڕێژێت و کاری لەسەر دەکات لە کۆمەڵگادا لە پێناو بە دەستهێنانی دەنگی دەنگدەرانە نەوەک هێنانە کایەی فکرە و بەها و بیروباوەڕی نوێ. بە مانایەکیتر ئامانجی سەرەکی پارتی سیاسی بریتیە لە گەیشتن بە دەسەڵات و مانەوە تیایدا نەوەک گۆڕینی کەلتوور و ڕۆشنبیری سیاسی و باو و ئارای نێو کۆمەڵگە. ٤٨

بەم پێیەش گەر لێی بڕوانین ئەوە ناچاری داکەوتی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستانە کە پارتەکان ناچار دەکات کەسانی خەڵکخواز و خوازراوی نێو هێزە نەریتەکان بکاتە بەربژێر بۆ پەرلەمان نەک خودی ئەو پارتە. خۆ پارتەکان چەندان ئەکادیمیست و شارەزایان هەیە بەڵام لە کۆمەڵگەدا خواستراونین بە ئەندازەی نەریتخوازەکان بۆیە ناچارن پەنا بۆ بەربژێرکردنی ئەو کەسانە ببەن کە خواستی کۆمەڵگە و جەماوەریان لەسەرە جا هەرچەندە کەسانێکی ئاست نزم و هیچ لەبارانەهاتوو ناشیاوبن بۆ ئەم پێگەیە .کێشەکەش ئەوەیە لە کۆمەڵگەی دواکەوتوو کەسانی ڕووکەشی و بەرچاو و جەماوەری زیاتر خواستراون نەک کەسانی ئەکادیمیست و پسپۆر. ئیتر پارتەکانیش ناچارن ملکەچی ئەم داکەوتە دواکەوتووە بن لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی خەلک. بۆ نموونە ئەوەی بەڕوونی دەبینرێ لەلایەن حیزبە کوردستانیەکان کە هەندێک حیزب بەتایبەتی حیزبەکانی دەسەڵات لە هەر خێڵ و عەشیرەتێک کاندیدێکیان دانابوو، یاخود حیزبە ئیسلامیەکان پەنا بۆ کاندیدکردنی مەلا و بانگخوازەکان دەبەن، تەنانەت وایلێهاتووە پەنا بۆ گۆرانیبێژی میللی و بێژەری تیڤی ... هتد ببەن لەکاتێکدا هەر یەک لەو پارتانە

---

٤٦ محمد رحمان ئەحمەد،(٢٠٢٠/٢/١٨)، ڕووە نەرێنیەکەی دیموکراسیەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان، سایتی ترانسکولتوور، //:https
d٩%٨٥%٨c%d٩%af%db%٨c-%d٨%db%٩٥%db%da%a٩%٩٥%٨c%db%db%٨٦%٨e%d٩%db%b١%d٨%٩٥%db%٨٦%d٩%-٩٥%db%٨٨%d٩%٨٨%d٩%٩٥%trans-cultures.fr/%da
/da%b٥%٩٥%db%٨٥%d٩%٨٦%db%da%a٩%-٩٥%db%٨٤%aa-%d٩%d٨%٩٥%٨c%db%db%b٣%d٨%a٧%d٨%b١%d٨%da%a٩%٨٨%

٤٧ وەرگیراوە لە: محمد محمود ربیع، اسماعیل صبري مقلد،(١٩٨٠)، الموسوعة السیاسة، الجامعة الكویت، ص٨٢

٤٨ ولید بن نایف السدیري،(٢٠٢٠)، العقلانیة في سلوك التصویت الانتخابي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة، أبوظبي– دولة الإمارات العربیة المتحدة، ص26

چەندان کەسانەی شارەزا و ئەکادیمی و شیاویان هەیە. ٤٩ هەر لەم سۆنگەیەوەش سەرۆکی پەرلەمان ڕێواس فایەق ڕایگەیاند کە لە ڕووی پسپۆڕیەوە هەژاریەکی زۆر لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، لە لێژنەکان نە پسۆڕی پزیشکی نە ئەندازیاری نە کەسی یاسایی... تد تێدانیە، چونکە پێیوابوو کێ لە میدیا زیاتر دەربکەوێت و کێ عەشیرەتی زیاتر لە پشت بێت ئەو دەردەچێت،هەر بۆ ئەمەش پێشنیاری ئەوەیکرد کە پێویستە سیستەمی هەڵبژاردن بە شێوەیەکی ڕێژهیی بگۆڕدرێت.٥٠

هەروەها لە دوای ٢٠٠٣ وە، یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا سەرەتا بانگەشە بۆ سەروەری یاسا و بە دامەزراوەکردنی دامودەزگاکان کرا لەلایەن دەسەلاتی سیاسیەوە، ئەمەش ئەگەر جێبەجێبکرابوایە ئەوا ڕۆڵ و پێگە و سیستەمی خێڵایەتی زۆر لاواز دەکرد بەڵام لەبەر ئەوەی خێڵەکان ئامادەنەبوون بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانیان بچنە بەردەم دادگا و ملکەچ نابن بۆ یاسا و دامەزراوە یاساییەکان بەمەش حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە پێناو لەخۆگرتنی ئەو خێڵ و عەشیرەت و ئاغا و هێزە کۆمەڵایەتیە نەریتیانە و ڕاگرتنی دڵبەندیان نەیانویست یاسا بەتەواوی سەروەربێت و ڕۆڵی ئەو هێزە نەریتیانە لاوازبێت، بەمەش لە نەبوونی سەروەری یاسادا تاکەکانی ئەو پێکهاتە نەریتیانە ناچار پەنا دەبەنە بەر ئەو هێزە نەریتی و سونەتیانە تا هەست بە هێز و پاڵپشتیەک بکەن. هەروەها گەر سەیربکەین هەردوو پارتی دەسەڵات نەک هەر کاریان نەکردووە بۆ لاوازکردنی سیستەم و بەهای خێڵایەتی بەڵکو بە پێچەوانەوە پاڵپشتی بەهێزکردنی سیستەمی خێڵایەتین بۆنموونە ڕێکخستنی ڤیستیڤاڵی ئێڵ بەگی جاف کە لە ٥٤ خێڵ پێکدێت لەلایەن یەکێتی و بەشداریکردنی بەرپرسە باڵاکانی ئەو حیزبە تیایدا.٥١ هەروەها هەردوو پارتی دەسەڵاتدار چەندین جار هەستاون بە ئەنجامدانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە دەرەوەی یاسا لە نێوان ئەو خێڵ و عەشیرەتانە، بۆ ئەمەش هەردوو پارت مەکتەبی کۆمەڵایەتیان هەیە خاوەن کاریگەریەکی زۆرن بوونەتە هۆی لاوازکردنی ڕۆڵی دادگا و سەروەری یاسا.٥٢ ئەمەش چونکە ئەم پارتانە و ئەم خێڵ و عەشیرەتانە یەکتربەرهەمدەهێننەوە لە سوود و بەرژەوەندی هەردوولا، بۆیە پارتەکانی دەسەڵات پەرە بە تۆخکردنەوەی سیستەمی خێڵایەتی و دیوەخان دەدەن.٥٣ دیارترین و زیندووترین نموونەش بۆ ئەمە بابەتی ژهەرخوارکردنی سەرۆکی عەشیرەتی هەرکیانە(جەوهەر ئاغای هەرکی) ئەویش دوای ئەوەی واز لە پارتی دیموکراتی کوردستان دەهێنێت و دەچێتە پاڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان، تا کار گەیشتە ئەوەی دژە تیرۆر و ئاژانسەکانی پاراستن و زانیاری هەردوولا یەکتریان تۆمەتبار دەکرد ئەمیان بە دروستکردنی سیناریۆ و ئەمیان بە هەوڵی ژهەرخوارکردنی، ئەمەش چونکە لاگیری ئەم عەشیرەتە پاڵپشتیەکی جەماوەری زۆر گەورەیە بۆ هەر هێزێک گەر بتوانێ لاگیری بکات و بۆ لای خۆی کێشی بکات.٥٤

لە ئەنجامدا ئەوەی دەبیندرێت لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو هەیە لەگەڵ چەند پارتێکی تەسلیمبوو بە داکەوتێکی دواکەوتوو. جا لێرەدا نەک هەر پارتی دەسەڵاتدار ناتوانێت هیچ گۆرانکاریەکی ڕیشەیی کۆمەڵایەتی بهێنێتەکایەوە بەڵکو ئەو پارتانەی بەرهەڵستکاریشن ناتوانن دەست بۆ گۆڕانی داکەوتی دواکەوتووی کۆمەڵگا ببەن تەنانەت گەر بە دەسەڵاتیش بگەن چونکە کاری پارتی سایسی لە سیستەمی دیموکراسی خەلک لە خۆ ڕازیکردنە

٤٩ محمد رحمان ئەحمەد، **ڕووە نەرێنیەکەی دیموکراسیەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان**، سەرچاوەی پێشوو.

٥٠ لێدوانی ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،(16/3/2021) پێگەی دەزگای ستاندەر -/https://www.facebook.com/skurd.net .posts/3944715258922177

٥١ ناودار زیاد،(2020)، **کاریگەریی‌ە سیاسییەکانی "پانتایی گشتی" لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ـەوە**، ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی، ،ل٣٣١.

٥٢ فرمان عەبدولرەحمان، **مەکتەبی کۆمەڵایەتی: تارمایی حیزبەکان لەناو دەسەڵاتی دادوەری کوردیدا**، سایتی سبەی، ٢٠٢١/٢/١٨، // https: ٨٣=٣mqx١kf٥٥٤cdgc١٢h٠١flrdf))/ku/print/Report_interview.aspx?id)S(١)archive.sbeiy.com/(X

٥٣ ناودار زیاد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣١.

٥٤ ڕاپۆرتی ڤیدۆیی دیپلۆماتیک مەگەزین، لە (٢٠٢١/٥/٢٣)،https://www.facebook.com/diplomatic2017/posts/1128520374313739.

نەک گۆڕینی خەڵک. بۆنموونە گەر پارتێک هەوڵی گۆڕانی بنیاد و داڕشتەی کۆمەڵاتی بدات، وە بۆ ئەو مەبەستە دژایەتی سیستەم و پێکهاتەی خێل و عەشیرەت بکات هەوڵی تواندنەوە و لاوازکردنی رۆلیان بدات هەم لە کۆمەڵگا هەم لە دەسەڵات، ئەوا ئەم خێڵ و عەشرەتانەش دەچنە پاڵ پارتەکانیتر و بەمەش وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی و خاوەن نفوز دەبنە سەنگ و قورسایی و پاڵپشتی بۆ ئەم پارتەی کە لەخۆیان دەگرێت. بۆیە هیچ پارتێک ناوێرێ کارێکی لەم شێوەیە بکات. لەبەرئەنجام ئەمەشدا هەمیشە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو و دەسەڵاتێکی کۆنەپارێز بوونیان دەبێت و هەردووکیان یەکتر بەرهەمدەهێننەوە و پارێزگاری لە بوونی یەکتر دەکەن .کەواتە لەم ڕووەوە سیستەمی دیموکراسی و هەڵبژاردن نەک هەر ناتوانێ کۆمەڵگا دواکەوتووەکان بەرەو پێش ببات بەڵکو بەجۆرێک لە جۆرەکان دەبێتە هۆکارێکیش بۆ چەقبەستووی و تۆخکردنەوەی دواکەوتووی، ئەویش لەبەر یەک هۆی سادە کە هەموو پارتەکان بە ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ناچارن ملکەچی داکەوتی دواکەوتووی کۆمەڵگا بن لە پێناو رازیکردنی خەڵک و هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە خۆیان. بەمەش ئەرکی پارتی سیاسی دەبێتە لەخۆرازیکردنی خەڵک و کۆمەڵگا نەک گۆڕینی خەڵک وکۆمەڵگە.٥٥

داکەوت و واقعی کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستان ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە تەنانەت وایکردووە کار و ئاراستە پارتە ئیسلامیەکانیش بگۆڕێت، کە پارتی ئایدۆلۆژین بەجۆرێک ئەندامبوون تیایدا لەسەر بنەمای هاوباوەڕی و هاوئایدۆلۆژیە بەڵام ئێستا ئەوانیش هەوڵی خۆنزیککردنەوە لە هێزە نەریتی و عەشایەرەکان دەدەن بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕیان، وەک سەردانکردنی ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی سەلاحەدین بەهائەدین بۆ لای ٥ پێنج عەشیرەتی گەورە لە هەولێر کە داوای پاڵپشتی هەڵبژاردنی لێکردوون، تەنانەت ڕۆڵی نرخاندبوون لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیدا، لەکاتێکدا دژایەتی سەروەری یاسایە! ئەمەش وا دەکات داکەوتە نەریتیەکە هەر بەرهەمبێتەوە و نەگۆڕێت.٥٦

یاخود بۆ نموونە گەر سەیربکەین لە بۆنەی مردنی شێخ موحەمەد کەسنەزانی کە شێخی تەریقەتی قادری-کەسنەزانی* بوو، دوای هاتن و گردبوونەوەی دەروێش و لایەنگرانێکی زۆر ئینجا نفوز و هێز و کاریگەری ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە بۆ حیزبەکان دەرکەوت،بەمەش زۆربەی حیزبە سەرەکیەکان* بە ئیسلامی و عیلمانیەوە پرسە و سەرەخۆشیان بۆ ناردن و بەشداری پرسەکەیان دەکرد و خۆیان لێنزیک دەکردنەوە تاوەکو دڵبەندی و لاگیری ئەو

٥٥ هەمان سەرچاوە.

٥٦ سەردانی سەڵاحەدین بەهائەدین بۆ لای پێنج عەشیرەتی هەولێر،(5/6/2021) ماڵپەڕی بوار نیوز، https://www.facebook.com/Bwar.News/posts/184636846894508.

*یەکەمین تەریقەت لەناو کوردا گەشەی سەند تەریقەتی قادری بوو. بەشێک لە دانیشتووان ئەو باوەڕەیان هەبوو کە خودی (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) دەوترێت دامەزرێنەری تەریقەتی قادری بە رەچەڵەك کوردە و ئەمەش وایکرد کە زیاتر گەشەبسێنێت و کورد لەسەر بنەمای نەژادی هاوبەش لە دەوری ئەو تەریقەتە کۆبونەوە، هەرچەندە بۆچوونی جیاوازیش هەیە لەسەر کوردبوونی شێخ عەبدولقادری گەیلانی، هیچ بەڵگەیەکیش نیە لەو بارەیەوە. بەڵام نازناوی (کەسنەزانی) وشەیەکی کوردییە. بە مانا کەسێک کە کەس حەقیقەتەکەی نازانێت. نازناوەکە هی شێخ (عەبدولکەریمی یەکەم) بووە کە لەساڵی(1825ز) لەدایکبووە، تەریقەتی لە خاڵۆی (شێخ عەبدولقادری قازانقایە) وەرگرتووە. لە تەمەمەنی لاوێتیدا سەرقاڵ دەبێت بە ئادابەکانی تەریقەت و بۆ ماوەی چوار ساڵ لە خەڵک دورکەوتۆتەوە و سەرقاڵی پەرستش و خوداناسی بووە لە یەکێک لە کێوەکانی ناوچەی قەرەداغ بەناوی سەگرمە،لەوکاتەی کە سەرقاڵی خوداناسی بووە و پەیوەست بووە پێوەی یەکێک لە خەڵکی ناوچەکە پرسیاری خوداناسی لێدەکات و شێخیش دەڵێت: <کەسنەزان>. واتە کەسێک کە حەقیقەتی خۆی نازانێت. ئیتر ئەم نازناوە مایەوە بۆ شێخ (عەبدولکەریم و کوڕ و نەوەکانی) لەپاش خۆی کە بوونە رابەری تەریقەتەکە. لەوکاتەوە (کەسنەزان) بووە نازناوی خێزانی ئەو بنەماڵەیە و خودی تەریقەتەکەش هەر بەو ناوەوە ناونرا. ئەو خێزانە وەکو رەچەڵەك دەگەڕێنەوە سەر سەیدەکانی بەرزنجە کە باپیرە گەورەی ساداتی بەرزنجە (سەید عیسا) یە لە ناوچەی بەرزنجەی باشووری کوردستان. (کەسنەزان) وشەیەکی سادەیە، بەڵام ئەو ناوی تەریقەتەکە (کەسنەزانی) وەک ئاماژەیەک بۆ شێخی کەسنەزان. هەروەها شوێنکەوتووانی ئەو تەریقەتەش بەخۆیان دەڵێن: دەروێشی کەسنەزانی. بۆ زیاتر بڕوانە ئەو بەستەرە لە پێگەی ئەلکترۆنی پلاتفۆڕمی دابڕان- https://www.dabran.org/Dreje.aspx?jimare=11162&paiwandidar=2.

*زۆربەی حیزبە سەرەکیەکانی هەرێمی کوردستان وەک پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کۆمەڵی دادگەری کوردستان، پرسە نامەیان ئاراستەکردن و زۆرێک لە کەسە باڵاکانیشیان سەردانی شێخ نەهرۆی رابەری نوێی تەریقەتەکەیان کرد بۆ خۆنزیککردنەوە لەو هێزە ئایینە کۆمەڵایەتیە.

هێزە کۆمەڵایەتیە بە دەستبهێنن جا هەرچەندە هێزێکی سونەتی و نەریتیش بێت چونکە ئەوەی بۆ حیزب گرنگە بە دەستهێنانی دڵبەندی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە خاوەن نفوز و جەماوەرە نەک ئەوەی ئایا نەریتیە یان مۆدێرن، تا وەکو بتوانن لە کاتی پێویستدا سوودیان لێوەربگرن بە تایبەتی لە کاتی هەڵبژاردن بۆ بە دەستهێنانی دەنگیان. سەرەنجام دەتوانین بڵێین بونیادی کۆمەڵایەتی و کەلتووری کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان ئاڵنگارێکە لەبەردەم گەشەپێدانی سیاسی و بە ئامانجگەیشتنی دیموکراسی و لێکەوتە ئەرێنیەکانی.

٤-٢ فرە پارتی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی

زۆربەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بە کێشەگەلێکی سیاسیەوە دەناڵێن کە زادەی دابەشبوونی قوڵی نێوان دانیشتوانیان و نەبوونی کۆدەنگی نیشتمانیە. هەروەک (لویسیان پای) پێیوایە لە وڵاتە تازە-گەشەکردووەکان بواری سیاسی بەروونی جیانەکراوەتەوە لە بواری کۆمەڵایەتی و پەیوەندیە کەسی و خزمایەتیەکان، هەروەها دەڵێت» چوارچێوەی سەرەکی لە سیاسەتە نا ڕۆژئاواییەکان{ وڵاتە تازە- گەشەکردووەکان} بریتیە لە چوارچێوەی مەزهەبی{شوناسی لاوەکی}، هەموو ڕەفتارێکی سیاسی و تیایدا بەتەواوەتی ڕەنگرێژکراوە بە ئیعتباراتێکی پەیوەندیدار بە دڵبەندی مەزهەبی». ئەم دڵبەندیە لاوەکیانەش (الولاءات الفرعیة) دڵبەندیەکی لە پێشینەیین(الولاءات الاولیة) کە خۆی دەبینێتەوە لە دڵبەندی بە (زمان، ئایین، مەزهەب، ناوچە، ڕەگەز، داب و نەریت، پەیوەستی خوێنی). بەمەش هەر گرۆپێکی کۆمەڵایەتی دەستدەگرێت بە ئایینی خۆی، کەلتوری خۆی، زمانی خۆی، بیروباوەری خۆی، ڕێچکەی خۆی.٥٧ بەم چەشنەش ئەمجۆرە دڵبەندی و لاگیریە لاوەکیانە دەبێتە هۆی بەرجەستە نەبوون و پێکنەهاتنی دڵبەندی و لاگیری بۆ شوناسێکی هاوبەشی نیشتمانی، چونکە هۆز و تیرە و بنەماڵە و خێڵەکان ئەوەی لایان گرینگە پێکهاتەکەی خۆیانە، نیشتمان هەمیشە بۆ ئەوان لە دوای پێکهاتە نەریتیەکەی خۆیانە٥٨.

هەروەها (مایرۆن واینەریش) پێیوایە هەموو وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیدا ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی دەبنەوە کە دیارترین تایبەتمەندیانە زیاتر لە کێشە ئابووریەکان. باوترین کێشەکانی یەکانگیریش بەلایەوە بریتیە لە کێشەی هاوشوناسبوون و یەکانگیری نەتەوەیی، ڕێککەوتن لەسەر ئەو نۆرم و بەهایانەی کە چارەسەری ناکۆکیە گشتیەکان بکات، کێشەی شەرعیەت و ڕەوایەتی دەسەڵات و پەیوەندی نێوان خەڵکی بێ دەسەڵات و دەستەبژێری دەسەڵاتدار...٥٩ بەهەمانشێوە وەک لە بەشەکانی پێشووتریش ئاماژەمان پێدا (ساموئێل هانتینگتۆنیش) پێیوایە کۆمەڵگەکانی کە لە دۆخی گەشەکردندان ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی سیاسی و ناسەقامگیری و یەکانگیری نەتەوەیی دەبنەوە لە ئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە مۆدێرنبوونی سیاسی کە فرەپارتی و بەشداری سیاسی یەکێکە لە ئەدگارەکانی.٦٠

لەم سۆنگەیەوە گەر سەیربکەین سەرهەڵدانی لە پڕی ژمارەیەکی زۆری پارتی سیاسی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا دوور لە پێویستیەتی و داکەوتی کۆمەڵایەتی و دوور لە وەڵامدەرەوەی خواستێکی کۆمەڵگەی مۆدێرن، ئەوەندە ئاماژەیە بۆ پشێوی و بێ سەروبەری و بەژەوەندی کەسی و بنەماڵەیی و خۆبەرهەمهێنانەوەی هێزە نەریتیەکان و کاریگەری دەرەکی... ئەوەندە ئاماژە نیە بۆ فرەپارتی و گیانی لێبووردەی و بەرجەستەکردنی گیانی

---

٥٧ وەرگیراوە لە: ارنت لیبهارت،(2006)، **الديموقراطية التوافقية في مجتمع متعدد**، ترجمة: حسني زيبة، الطباعة: الفرات للنشر والتوزيع- معهد الدراسات الاستراتيجية-العراق- بغداد ص 33 - 35

٥٨ ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو ل314

59 Myron Weiner,( 1, Mar. 1965) "Political Integration and Political Development." The ANNALS of the American Academy of Political and Social Science, vol. 358, no., pp. 52–64, doi:10.1177/000271626535800107, pp52.

60 Samuel p. hantington, (APR,,, 1965) political development and political decay, world politics, Vol.17, No.3, 386-430, published by the johns Hopkins university press , pp 389-392.

دیموکراسی لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا. بە گوزارشتێکیتر ئەم فرەپارتیە زیاتر بووەتە هۆی نا سەقامگیری سیاسی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، وەک چۆن فرەیی ئایینی و مەزهەبی لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و لە عێراقیش بەکارهێنراوە بۆ ململانێی سیاسی و نا سەقامگیری بەهەمان شێوە لە هەرێمی کوردستانیش فرەپارتی بەهۆی کارکردنیان لەسەر بەکارهێنانی کەلێنە کۆمەڵایەتیەکان و تۆخکردنەوەیان زیاتر بووەتە هۆی نا سەقامگیری سیاسی و لێکترازانی کۆمەڵایەتی نەک پێچەوانەکەی.٦١

کەلێنە کۆمەڵایەتیەکان کەرەستەی خاوی پێکدادانە سیاسیەکانن، حیزبە سیاسیەکانی کوردستانیش زۆرجار لە پێناو بەرژەوەندی پارتایەتی خۆیان بەتایبەتی وەک دەبینین لەکاتی هەڵبژاردندا ئەو کەلێنانە ئەکتیڤ دەکەن و بەکاریدەهێنن تا گرۆتین بدەنە ئەندامان و لایەنگرانیان. لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا یەکێک لەو کەلێنە سەرەکیانەی کە ئاڵنگارە لەبەردەم کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوودا بریتیە لە کەلێنی ناوچەیی، پارتە سیاسیەکانیش ئەو کەلێنەیان تۆخترکردووەتەوە لە پێناو هەژموون و بەرژەوەندی خۆیان، بۆ ئەمەش گەر سەیربکەین دەنگەکانی پارتی زیاتر لە زۆنی زەرد و بەتایبەتی لە ناوچەی بادینان چڕبۆتەوە بە پێچەوانەوە دەنگەکانی یەکێتی و گۆڕان زیاتر لە زۆنی سەوز و دەڤەری سلێمانی چڕبۆتەوە. سەرهەڵدانی ئەم دوو زۆنەش پەیوەندی بە جیاوازی کەلتووریەوە نیە بەڵکو ئەنجامی ململانێی سیاسی و شەری ناوەخۆیی و دوو ئیدارەییە کە ئەو دوو دەڤەرەی لێکترازاندووە و ئاڵنگارە لەبەردەم نەتەوەسازی و یەکانگیری وهاوشوناسی نەتەوەیی.٦٢

بە هەمانشێوە پارتە ئیسلامیەکانیش جۆرێک لە لێکترازانی کۆمەڵایەتی و بەهایی* و سیاسیان دروستکردووە لە نێو کۆمەڵگەدا لە نێوان ئیسلامی و عیلمانیدا بەجۆرێک لە گوتاری سەرکردەکانیان و کادیرەکانیاندا دەبینین کە عیلمانیەت و لێکجیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت بە کوفر و بێباوەڕی دادەنێن و لایەنگران وپەیڕەوانیش بە بێباوەڕ. ئەوەتا سەرۆکی کۆمەڵی دادگەری کوردستان عەلی باپیر لە کتێبی سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا دەڵێ» سیکۆلاریزم: ئایینێکی زەمینی مرۆڤ کردە، بۆ جێ پێ گرتنەوەی ئایینی ئاسمانی خوا»٦٣ ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئەوەی پەیڕەو لە سیکۆلاریزم بکات ئەوا پەیڕەوی لە ئایینێکی زەمینی دەستکرد کردووە لە ئایینی ئیسلام چووتە دەرەوە بەمەش کۆمەڵگە دابەش دەبێت بۆ باوەڕدار و بێ باوەڕ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە. ململانێی بەهایی ئیسلامی و عیلمانی وایکردووە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە هەموو پرسە بەهاییەکاندا دابەشی دوو بەرەی بەهایی دژ بەیەک بێت لەسەر بنەمای عیلمانی و ئیسلامی وەک سەرهەڵدانی داعش، سەردانی پاپا بۆ هەرێمی کوردستان،پرسی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، بابەتی نیقابی کچە خوێندکارێک، سەمای کچ و کورێک لە سلێمانی...تد. بەم شێوەیە جۆرێک لە لێکترازانی بەهایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەبێت و هەروەها دەبێتە هۆی زەحمەتبوونی دۆزینەوەی بەها و پێوەری سیاسی گشتی وهاوبەش بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و ئیدارەدانی گشتی بەمەش یەکانگیری سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەستەم دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی بنیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئەم وڵاتە تازە-پێگەیشتووانە پچر پچر و نارێکخراو و نا یەکگرتووە، ئەم تایبەتمەندیەش زادەی هەستی خێڵگەرایی و ناوچەگەرایی و مەزهەب و ڕێچکەگەراییە . ڕاستە پارتی سیاسی زادە و دەرکەوتەی کۆمەڵگەی مۆدێرنە بەڵام ئەم بنیاد و تایبەتمەندیانەی کۆمەڵگەی سونەتی لە پارتەکاندا

---

٦١ ڕۆزە عەبدوڵڵا شەریف،(2008)، **ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا**، دەزگای ئاراس- هەولێر، ،ل٢١٩-٢٢٠.

٦٢ مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر، سەرچاوەی پێشوو ل199-216.

norm*

٦٣ عەلی باپیر،(2016)، **سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا**، نووسینگەی تەفسیر- هەولێر، ل ٢٢.

بەرجەوستە و شێوەگیر دەبنەوە، جا چ لەو ڕێگەیەی کە خودی مەزهەب و ئاینزا و خێڵەکە ببێتە پارتێکی سیاسی وەک ئەو پارتە مەزهەبیە شیعانەی لە عێراق و لەناوچەکەدا هەن ،چ پارتێکی بە فۆرم مۆدێرن لەو تایبەتمەندیە کۆنانە بتوێتەوە لە ڕێگای لە خۆگرتنی خێل و مەزهەب و تەریقەت و ئاینزا جیاجیاکان وەک ئەوەی لە هەندێک لە حیزبەکانی هەرێم بەدیدەکەین بەتایبەتی هەردوو پارتی دەسەڵات کە هەموو گرۆپ و هێز و چین و توێژە لکاو و سونەتیەکانیان لە خۆ گرتووە. واتە بەهەر شێوەیەک بێت ئەم بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵگە سونەتیەکان وەک هێزگەلێکی کۆمەڵایەتی لە پارتەکان بەرجەستە دەبنەوە. پارتەکان ناتوانن کاریگەری کۆمەڵایەتی هەم هێزانە نادیدە بگرن. بەم شێوەش هەر پارتێک هەولدەدات چەند هێزێکی کۆمەلایەتی لە خۆبگرێت بەمەش لە ئەنجامدا کۆمەڵگە بە حیزبی دەبێت و پارتەکانیش کاریگەری ئەو هێزە نەریتیانەیان بەسەر دەبێت بەمەش دەستکراوە نابن بۆ گۆڕانی ڕیشەیی لە بنیاد و کەلتووری سیاسی کۆمەڵگە. ٦٤

لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا کاریگەری پارتەکان و ئەو دابەشبوونە سیاسیەی کە هێنایتیانە ئاراوە کاریگەری زۆری کردۆتە سەر پانتای کۆمەڵگە و بوونەتە فاکتەرێکی گرینگ بۆ پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان و بە حیزبیکردنی کۆمەڵگە، بەجۆرێک کایەی سیاسی و کایەی کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە یەکتر بووە، پارتە سیاسیەکان هەژموونیان بەسەر کۆمەڵگەدا کردووە بە ئەندازەیەکی زۆر گوتار و سیاسەتی پارتەکان کۆمەڵگە ئاڕاستە دەکات، بە جۆرێک کە ڕای گشتی بووەتە ڕای پارتە سیاسیەکان و ئەوان دروستی دەکەن نەک تاک و گرۆپ و ڕێکخراوە مەدەنیە سەربەخۆکان، ئەمەش زۆربەی ئامرازەکانی دروستکردنی ڕای گشتی لە دەست پارتە سیاسیەکانە نەک تاک و گرۆپ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. پارتە سیاسیەکانیش بەردەوام لە ململانێیەکی ناشارستانی و توندوتیژی و کاریگەریان هەیە بەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و سەرقاڵکردنیان بە ململانێ ئەمەش کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان.٦٥

ئەم بەحیزبیبوونەی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان بەجۆرێکە کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ناسنامە و شوناسێکی هاوبەشی نیشتمانی و کوردستانی کە لەجیاتی ئەوە ناسنامە و شوناسی حیزبی پەیدابووە، خەڵک وەک دەزگا و دامەزراوەیەکی سیاسی مۆدێڕن سەیری پارتەکان ناکەن کە تیایدا کاروبارە سیاسیەکان تێدا ڕاییبکەن بەڵکو زیاتر وەک ناسنامە و شوناسیک سەیری پارتەکان دەکەن و لەگەڵی تواونەتەوە، بەمەش پارتی بەرامبەر وەک شوناسێکی جیا سەیردەکەن و بە کینەوە لە یەکتر دەڕوانن، بۆیە دەبینین پارتە سیاسیەکان باڵایی بەرژەوەندیە پارتایەتیەکانیان داوەتە سەر بەرژەوەندی نیشتمانی، زۆرجار زیان بە بەرژەوەندی نیشتمانی دەگەێنن لە پێناو بەرژەوەندی پارتایەتی خۆیان.٦٦

بەکورتی دیموکراسیەت بەر لەوەی سیستەمێکی حکومڕانی بێت، دەبێت کەلتورێکی کۆمەڵایەتی بێت، گەر لەسەر ئاستی کەلتووری و کۆمەڵایەتی خەڵک فێرە لێبووردەیی و فرەیی و پێکەوەژیان نەبێ ئەوا لەسەر ئاستی سیاسیش ناتوانێ دان بە فرەیی و لێبووردەی بنێت، ئەگەر لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و کەلتوور و شوناسێکی نەتەوەیی هاوبەش و یەکانگیریەکی نەتەوەیی بەهێزنەبێت ئەوا هەستی هاوبەش و دڵبەندی هاوبەشیش بۆ دەسەڵات و دامودەزگا حکومیەکانیش دروست نابێ، بەمەش ڕەوایەتی دەسەڵات دەکەوێتە مەترسی و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری سیاسی. بەگوزارشتێکیتر بەبێ بوونی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی چالاک و کۆمەڵگەیەکی یەکانگیر و هاوشوناس ناتوانین لە سەر بنچینەی کۆمەڵگەیەکی ناوچەگەری بچر بچری بە حیزبیکراو بەهاکانی دیموکراسی لە

٦٤ محمد رحمان ئەحمەد، **ڕووە نەرێنیەکەی دیموکراسیەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان**، سەرچاوەی پێشوو.
٦٥ مراد حەکیم و لەیلا ئەمیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٣.
٦٦ ساڵح عمر عیسا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٠٥.

سیستەمی سیاسی بەرجەستە بکەین و گەشەپێدانی سیاسی بهێنینە کایەوە.

٥-٢ هەلبژاردن و ڕۆشنبیری سیاسی

یەکێک لەو کێشانەی کە لە بنیادی کۆمەڵایەتی وڵاتە تازە- گەشەکردووەکاندا هەیە بریتیە لە کێشەی نەبوونی هۆشیاری تەواو بەرامبەر بە سیستمی دیموکراسی، یاخود بە هەڵە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی. هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆبێرت داڵ لە کتێبی (لەبارەی دیموکراسی) پێیوایە ئاسۆی ڕوونی دیموکراسیەت لە هەر وڵاتێکدا دەوەستێتە سەر ئەوەی کە هاولاتیان و سەرکردەکانی ئەو وڵاتانە تا چەند پشتیوانی لە بەها و کردەوە دیموکراسیەکان دەکەن. بێگومان ئەوەش دەوەستێتە سەر ئەوەی کە تا چەند دیموکراسیەت لە فەرهەنگی ئەو وڵاتە چەسپاوە و لە نەوەیەکەوە بەرەو نەوەیەکیتر دەگوزرێتەوە، بە کورتی دەبێت ئەو وڵاتە خاوەن فەرهەنگێکی دیموکراسی بێت و هەموو تاکەکان ئاشنایەتیان لە هەمبەر میکانیزمەکان وپێوەرەکانی هەبێت و هەڵە تێگەیشتن ڕوونەدات لە هەمبەر میکانیزمەکانی دیموکراسیەت.٦٧ چونکە تا ڕادەیەکی بەرز ئەوە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگایە کە جۆری سیستەمە سیاسیەکە بە شێوەیەکی واقعی دیاریدەکات، لەسەر ئەم بنەمایەش بوونی سیستەمێکی دیموکراسی تەندروست پەیوەستە بە بوونی کۆمەڵگایەک کە تاکەکانی خاوەن ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیری سیاسی و مەدەنیبن، بە پێچەوانەوەش ئەو کۆمەڵگایانەی کە بنیادێکی دواکەوتوانەیان هەیە دەبنە خاوەن دەسەڵاتێکی نادیموکراسی و خۆسەپێن. ٦٨

زۆرێک لە بیرمەند و تیۆرسێنەکان وەک ئالمۆند و ڤێربای... گەشەپێدانی سیاسیان پەیوەستکردبوو بە بەشداری سیاسی و گەشەکردنی کەلتووری سیاسی و دیموکراسی، چونکە پێیانوابوو بەشداری سیاسی چالاک و دیموکراسیانە کاتێک دێتە کایەوە کە کەلتووری سیاسی گەشەیکردبێت، بەمانایەکیتر گەر بەشداری سیاسی خەڵک لەسەر بنەمای کەلتورێکی سیاسی گەشەکردوو نەبێت ڕەنگە زیانی زیاتر بێت لە سوود و دەستکەوتەکانی.٦٩

لەم سۆنگەیەوەش گەر سەیربکەین دەبینین کەلتووری دیموکراسی و ڕۆشنبیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی خراپ و دواکەوتوو دایە بەجۆرێک دیموکراسی سەرەڕای هەموو کێماسی و کەموکوڕیەکانی کورتبۆتەوە بۆ گەمەی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن تەوەرێکی سەرەکی ژیانی سیاسی و کەلتووری دیموکراسی پێکدەهێنێت بەشێوەیەک کە هەڵبژاردن و ژماردنی دەنگەکان بە دوا وێستگەی دیموکراسی دادەنرێت. بەمەش دیموکراسیەت هاومانای هەڵبژاردن کراوە، لە هەڵبژاردنیش کێ بیباتەوە ئەو دەتوانێ پشکی شێری بەربکەوێ لە کابینەی داهاتوو و بە ئارەزووی خۆی بۆ ماوەی چوار ساڵ حوکم بکات و دەست بەسەر هەموو جومگە سەرەکیەکانی حوکمڕانی دابگرێت بەبێ ئەوەی هیچ فەلسەفەیەکی سیاسی و بەرنامەیەکی چارەسەری پێبێت بۆ کێشەکان.٧٠

بۆیە ئاڵنگاریەکیتر لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بریتیە لە نەبوونی هۆشیاری بەرامبەر بە دیموکراسیەت وبەتایبەتی میکانیزمی هەڵبژاردن، بەجۆرێک هەڵبژاردن بووەتە هۆکارێک بۆ سنوردارکردنی ئیرادەی خەلک و بێ ئومێدکردنی کۆمەڵگە. بەو مانایەی خەڵک پێیوایە تەنها چوارساڵ جارێک مافی داوەریکردن و لێپرسینەوەی هەیە لە دەسەلات. لەم کۆمەڵگەیەدا خەلکی زۆربەی وادەزانێ تەنها مافی هەڵبژاردنی دەسەڵاتی هەیە مافی لێپرسینەوەی لەو دەسەڵاتە نیە لەو ماوەیەدا کە هەڵیبژاردووە، بەجۆرێک وا دەزانن پارتی سەرکەوتوو لە هەڵبژاردندا ئیتر ئازادە چۆن هەلسوکەوت دەکات تا چوارساڵی تر. ئەمەش زۆر بەڕوونی لە تێگەیشتن و قسەی خەڵکی کۆمەڵگەی

---

٦٧ ڕۆبەرت داڵ،(2003)، **لەبارەی دیموکراسی**، و.ئامانج عەزیز کەندی، چاپخانەی ڕەنج - سلێمانی، ل169.

٦٨ پێشڕەو علی محمدامین، سەرچاوەی پێشوو، ل 92.

٦٩ عەبدول عەلی قەوام، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

٧٠ نەوزاد جەمال، (2012)، **ژانی دیموکراسیەت- ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی دیموکراسیەت لە کوردستاندا**، چاپخانەی شەهاب- هەولێر،ل١٢.

هەرێمی کوردستاندا دیارە ئەویش کاتێک بابەت دێتە سەر گەندەڵی و نادادی و خراپی حکومڕانی، دەڵێن خەڵک دەنگی پێداون یان دەڵێن دەنگیان پێ مەدەن! کە ئەمەش دەرخەری نزمی ئاستی ڕۆشنبیری سیاسیە لەلایەن زۆرێک تاکەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان. بەمانایەکیتر خەڵک دیموکراسیەت بە دیکتاتۆریەتی زۆرینە تێگەیشتووە، وا دەزانێ هەر پارتێک زۆرینە بێنێ ئیتر مافی ئەوەی هەیە دەستکراوەبێت لە هەر شتێک کە دەیکات. بەجۆرێک دوای هەڵبژاردن هەموو ئەو کەس و لایەنانەی کە نیازی گۆڕانکاری بەدەستهێنانی ماف و ئازادیەکانیان هەیە بێ هیوادەبن وەک ئەوەی تا چوارساڵیتریش هیچ.٧١ بۆ نموونە وەک بینیمان لەو هەڵمەتە گەرموگوڕەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ بەڵام چەند ڕۆژێک دوای هەڵبژاردن ئیتر خەڵک و میدیاکان خامۆش بوون وەک ئەوەی هاوڵاتیان ئەرکێکی گەورەیان لە کۆڵ خۆیان کردبێتەوە تا چوار ساڵیتر.٧٢.

لەلایەکیتر لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش کاریان لەسەر ئەمە کردووە و ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبووە لەو بارەیەوە لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان. ئەوان خەلکیان تەواو بێ هیوا و بێ ئیرادە کردووە لەبەرامبەر سنوردانان بۆ دەسەڵات بە ڕێکارە مەدەنیەکان، بەو پێیەی کە بەهیچ جۆرێک چاکسازی و گۆڕانکاری ناکرێت تا ئەم دوو پارتە لەسەر دەسەڵات بن واتە بوونی چاکسازی و گۆڕانکاریان پەیوەست کردووە بە لادانی ئەمان و هاتنی خۆیان، بۆ ئەمەش تەنها ڕێگای هەڵبژاردن هەیە ئەمیش چوارساڵ جارێکە واتە وایان لە خەلک گەیاندووە کە لە چوارساڵدا تەنها یەک ڕۆژ هەیە کە ئێوە بتوانن گۆڕانکاریەک بکەن، چونکە گۆڕانکاریان پەیوەستکردووە بە لادانی ئەمان و هاتنی خۆیان ئەمەش ڕێک سنوردارکردنی ئیرادەی خەڵکە لە چوارساڵ یەک ڕۆژ.٧٣ بێگومان دەسەڵاتیش لەرێگای تەزویر و ساختەکاری لادان لە بنەماکانی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد بە چەندین شێوازی جۆراوجۆر و بێ بەهاکردنی هەڵبژاردن ئیرادەی ئەو ڕۆژەشی نەهێشتووە. ٧٤

لەم سۆنگەیەوەش تا دێت خەڵک زیاتر بێهیوا و بێ متمانە دەبێت بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن وەک میکانیزمیک بۆ گۆڕانکاری و دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەلات، بەڵگەی ئەمەش کەمبوونەوەی ڕێژەی بەشداری خەڵکە لە پرۆسەی هەڵبژارد. بۆ ئەمەش گەر سەیربکەین لە یەکەم هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٢ کە خەڵک گروتین و هیوایەکی باشی هەبوو بە حوکمڕانیەکی کوردی لە ٪٨٧ خەڵک بەشداری تێداکرد کە ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە بەڵام دواتر بەرە بەرە ڕێژەکە رووی لە کەمیکرد لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە ٪٧٥ ، لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەکە گەیشتە ٪٧٤، پاشان لەساڵی ٢٠١٣ گەیشتیە ٪٧٣، ئەم ڕێژەیەش تا ئاستێک باشە ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆنێکی کارا بوو کە خەڵکێک هیوایان لەسەر هەڵچنیبوو بەڵام دوای ئەوەی خەڵکێکی زۆر ئومێدیان بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیش نەما بۆ گۆڕانکاری ئیتر ڕێژەکە بە شێوەیەکی دراماتیکی هاتە خوارەوە بۆ ٪٥٨ لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠١٨ کە دەکاتە نزیکەی لە ٪٣٠ کەمیکردووە بە بەراوورد بە هەڵبژاردنی ساڵی ٧٥,١٩٩٢

هەر بۆیە کاتێک لە تاکێکی ئاسایی دەپرسیت دەچیت بۆ دەنگدان، دەنگدەدەیت، ئەوا زۆرێک بە نائومێدیەوە وەڵامدەدەنەوە دەڵێین جا دەنگی من چی دەگۆڕێت! یان دەڵێن دەنگدان هەمووی درۆیە هیچ لە دۆخەکە ناگۆڕێت، بەبۆچوونی ئەو کەسانە بەشداری سیاسی لە ڕێگەی دەنگدانەوە شتێکی بێبایەخ و نا کاریگەرە، ئەوەی گۆڕانکاری دروست دەکات ئیرادە و بژاردەی ئەو نیە بەڵکو لایەنە بەهێزەکان و دەسەڵاتدارەکان پێشوەختە سیناریۆی

٧١ محمد رحمان ئەحمەد، **ڕووە نەرێنیەکەی دیموکراسیەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان**، سەرچاوەی پێشوو.
٧٢ نەوزاد جەمال، سەرچاوەی پێشوو،ل ٢٢.
٧٣ هەمان سەرچاوە.
٧٤ ئەمین فەرەج شەریف، سەرچاوەی پێشوو ل 275.
٧٥ بارزان جوهر صادق،(2021)، **متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان**، چاپخانەی جەنگەڵ- تەهران، ساڵی ، ل١٢٨.

هەموو شتێکیان دارشتووە ئەنجامەکەش هەر بە وویستی خۆیان دەبێت. ئیتر دەستەواژەی» دەنگی من هیچ لە دۆخەکە ناگۆرێ» لەلایەک ئاماژەیە بۆ کوشتنی ویستی تاکەکان، لەلایەکیتر ئاماژەیە بۆ ئاستی خراپی رۆشنبیری سیاسی و نا ئامادەیی کەلتووری دیموکراسی لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا.٧٦
بۆیە دیموکراسیەت پێش ئەوەی سیستەمێکی حکومرانی بێت دەبێت کەلتوورێکی کۆمەڵایەتی بێت و لەناو فەرهەنگی خەڵک و کۆمەڵگا و حیزبەکان و سەرکردە سیاسیەکان رەگی داکوتابێت، ئەگەرنا وەردەچەرخێ بۆ دیکتاتۆریەتی زۆرینە، واتە هەڵبژاردن کە یەکێکە لە پایە و میکانیزمە گرینگەکانی سیستەمی دیموکراسی تەنها دەبێتە ئامرازێک بۆ رەوایەتیدان بە خۆ سەپاندن ودیکتاتۆریەتی زۆرینەوە، ئەمەش دژ دەبێتەوە لەگەڵ گەشەپێدانی سیاسی و دەبێتە یەکێک لە ئاڵنگارەکانی لە جیاتی ئەوەی ببێتە یەکێک لە ئامرازەکانی.

## دەرئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا سەبارەت (بە ئاڵنگاریە کۆمەڵایەتی و کەلتووریەکانی گەشەپیدانی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا) بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتین کە دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا ئاماژەیان پێبکەین:
کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان لە دۆخێکی ڕاگوزەردایە، لە نێوان نەریتخوازەکان و مۆدێرنخوازەکان. ململانێی نێوانیشیان کاریگەری تەواوی لەسەر کایەی سیاسی و پرسی گەشەپێدانی سیاسی کردووە. گۆرانی کۆمەڵایەتی و شەپۆلی مۆدێرنە و دیاردەکانی نەیانتوانیوە هێزە کۆمەڵایەتیە نەریتیەکان بە تەواوی لاواز وریشەکێش بکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم هێزە نەریتیانە لە رێگەی خۆخزان و پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەسەڵاتدا توانیویان پارێزگاری لە خۆیان بکەن و یەکتر بەرهەمبهێننەوە لەگەڵ دەسەڵاتدا.
پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگە لە هەرێمی کوردستاندا پەیوەندیەکی ئاسۆیی و دیموکراسیانە نیە، بەجۆرێک کە کۆمەڵگە و هێز و کۆمەڵە و رێکخراوە مەدەنیەکان بتوانن کاریگەری لەسەر دەسەڵات دروست بکەن و دەسەڵات ساز و مۆبیلیزە بکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەسەڵات توانیویەتی هەژموون بەسەر زۆرێک کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەیی و مەدەنیەکان بکات و دواجار ساز و مۆبیلزەیان بکات لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی ئاراستەیان بکات بەمەش ئەم هێز و کۆمەڵە و رێکخراوانە دەبنە هێزگەلێکی پاسیڤ و ناچالاک ناتوانن کاریگەری لەسەر دەسەڵات بنوێنن و ببنە نوێنەری ئەندامان و کۆمەڵگە بەڵکو زیاتر نوێنەرایەتی ئیرادەی ئەو حیزبە باڵادەستە دەکەن کە هەژموونی بەسەریاندا هەیە.
بەهۆی دواکەوتوویی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، دیموکراسیەت و میکانیزمەکانی لێکەوتەی نەرێنی زۆری لێکەوتۆتەوە لەبارەی پرسی گەشەپیدانی سیاسی بەجۆرێک بووەتە زیاتر بەهێزکردنی هێزە نەریتیخوازەکان و بەرهەمهێنانەوەیان. حیزبە سیاسیەکانیش کاریان بووەتە لەخۆرازیکردنی ئەو هێزە نەریتیانە و پارێزگاریکردنیان لە پێناو لە خۆگرتنیان وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر، بەمەش ناتوانن دەست بۆ گۆرینی بونیادی کۆمەڵایەتی ببەن و گۆرانێکی کۆمەڵایەتی ریشەیی بهێننە کایەوە بە ئاراستەی گەشەپێدان.
فرەحیزبی و حیزبایەتی لە جیاتی ئەوەی ببێتە هۆی بەرجەستەکردنی دیموکراسیەت و کاڵکردنەوەی هەستی ناوچەگەریەتی و عەشایەری و بونیادنانی هاوشوناسی نەتەوەیی بە پێجەوانەوە بووەتە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ناوچەیی و نا یەکانگیری نەتەوەیی و نا سوقامگیری سیاسی.
لاوازی رۆشنبیری سیاسی هاوڵاتیان بەرامبەر بە دیموکراسی و هەڵە تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی، وایکردووە تاکێکی

٧٦ نەوزاد جەمال، سەرچاوەی پێشوو،ل ١٣-١٤.

ناچـاڵاک و بـێ متمانـە دروسـت بـکات لـەڕووی بەشـداری سیاسـیەوە بەجۆرێـک خەڵـک وەک دیکتاتۆریەتـی زۆرینـە لـە دیموکراسـیەت و میکانیزمـی هەڵبـژاردن گەیشـتوون، نـەک وک سـنوردانان بـۆ دیکتاتۆریـەت.

## پێشنیارەکان

گۆڕانـکاری کـردن لـە سیسـتەمی هەڵبـژاردن، بەجۆرێـک مەرجـی بڕوانامـە و پسـپۆڕی و پیشـەیی تێدابێـت و هـاوکات قەدەغـەی بەکارهێنانـی پاشـناوەکانی نەریتـی و ناوچەیـی بـکات لـە کاتـی بانگەشـەی هەڵبـژاردن.

قەدەغەکـردن و نایاسـاییکردنی ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتـی و، مەکتەبـی کۆمەڵایەتـی پارتـە سیاسـیە دەسـەڵاتدارەکان کـە لـە دەرەوەی یاسـا کێشـەکان چارەسـەر دەکـەن، بوونەتـە هۆکارێـک بـۆ بەهێزبوونـی پێگـەی هێـزە نەریتیـەکان و بـێ بەهاکردنـی ڕۆڵـی دادگا و یاسـا.

قەدەغەکردنـی دەسـتێوەردانی پارتـە سیاسـیەکان لـە نـاو دەسـتە و کۆمەڵـە پیشـەییەکان، ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی.

ڕوونبینـی و چاودێـری بەسـەر سـەرچاوەی داهاتـی پارتـە سیاسـیەکان و، ئازادکردنـی بـازاڕ و نەهێشـتنی قۆرغـکاری پارتـە سیاسـیە باڵادەسـتەکان بەسـەر بـازاڕدا، چونکـە سـەرەکیترین هـۆکاری پشـت هەژموونـی پارتـە سیاسـیە باڵادەسـتەکان هـەم بەسـەر هێـزە نەریتـەکان هـەم بەسـەر ڕێکخراوەکانـی کۆمەڵـی مەدەنـی و پیشـەییەکان، لایەنـی دارایـی و دەوڵەمەنـدی پارتـە سیاسـیە باڵادەسـتەکانە، ئەویـش بەپارەدارکردنـی ئـەم هێـزە کۆمەڵایەتیانـە لەلایـەن پارتـە سیاسـیە باڵادەسـتەکان.

سـەروەرکردنی یاسـا، چونکـە هێزەنەریتیـەکان لـە ژینگەیەکـی نایاسـایی گەشـە دەکـەن و بەردەوامـی بەهێـزی خۆیـان دەدەن.

## ملخص الدراسة

إن مجتمـع إقليـم كوردسـتان يمـر بمرحلـة انتقاليـة ، فهـو ليـس مجتمعـاً تقليديـاً بالكامـل ولا حديثـاً بالكامـل. لذلـك ، يصبـح سـببًا لظهـور حالـة انومـي والـصراع بـين القـوى التقليديـة والحديثـة عـلى المسـتويين السـياسي والاجتماعـي. انضمـت القـوى التقليديـة ، العشـائر والقبائـل كنمـوذج ، إلى الأحـزاب السياسـية المهيمنـة مـن أجـل الحفـاظ عـلى عاداتهـا وقيمهـا التقليديـة وسـلطاتها. وبالمقابـل إلى فـإن السـلطة السياسـية تسـتفيد مـن تلـك القـوى مـن أجـل الحفـاظ عـلى نفسـها لكسـب الانتخابـات (وقـت السـلم) وكمسـلحين (في زمـن الحـرب). بعبـارة أخـرى ، تؤثـر كل مـن السـلطة والقـوى التقليديـة عـلى بعضهـا البعـض. في هـذا المنظـور ، سـيكون مـن الصعـب عـلى السـلطة السياسـية إجـراء تغيـير اجتماعـي جـذري لإحـداث التنميـة السياسـية والإجتماعيـة لأن ذلـك يثـير غضـب تلـك القـوى التقليديـة التـي اعتمـدت عليهـا السـلطة بالأسـاس. بعبـارة أخـرى، هنـاك بنيـة اجتماعيـة متخلفـة في إقليـم كوردسـتان التـي تشـكلت عليهـا الأحـزاب السياسـية ولهـا تأثـير عميـق عـلى طبيعـة وتشـكيل السـلطة السياسـية، وبمـا ان آليـة الانتخابـات تجعـل تصويـت النـاس معيـارا لمعرفـة تاييـد النـاس للسـلطة، فـإن الأحـزاب السياسـية مجـبرة عـلى كسـب تأييـد فئـات المجتمـع، عـلى هـذا النحـو، فـإن الوظيفـة الأساسـية للأحـزاب السياسـية تتمثـل في المواءمـة مـع الواقـع الاجتماعـي المتخلـف بـدلاً مـن محاولـة تغيـير الهيـاكل الاجتماعيـة المتخلفـة. ولمـا كان الأمـر كذلـك، فـإن نفـس الهيـكل المتخلـف سـوف ينتـج نفسـها مـرارًا وتكـرارًا وهـذا بـدوره يمثـل تحـدٍ كبـير في طريـق التنميـة السياسـية والاجتماعيـة.

# The Social and Cultural Challenges of Political Development in Kurdistan Region of Iraq

**Abstract**

The Kurdistan Region society of Iraq is in a transitional phase, it is neither a completely traditional nor a completely modern society. Therefore, it becomes a reason for the emergence of a state of anomy and conflict between traditional and modern forces on political and social levels. Traditional forces such as clans have joined dominant political parties in order to preserve their traditional customs, law and power. In addition, ruling parties abuses those traditional forces during the elections and take advantages of them in the military conflicts. In other words, both ruling parties and traditional forces influence one another. In this perspective, it will be challenging for the political parties to carry out a radical social change to make political and social developments because they mainly depends on those traditional forces. To put it in another way, if the ruling forces do so, the traditional social forces will not comply, consequently they go to join other political parties as an important social force. In a nutshell, there is a backward social structure in the Kurdistan Region on which the political parties have been made that has an effect on the nature and formation of political parties. Since democracy and the election mechanism, in particular, will make the people's vote to be measured to achieve political authority, as such, the main functions and focus of political parties will be designed to attract the people and harmonize themselves with the backward social reality rather than trying to change the backward social structures. That being so, the same backward structure will reproduce over and over which is a huge challenge in the way of political and social development.

## لیستی سەرچاوەکان

زانیارینامە(ئینسایکلۆپیدیا):

عەرەبی:

محمد محمود ربيع،(١٩٨٠) اسماعيل صبري مقلد، الموسوعة السياسة، الجامعة الكويت.

کتێب

بە زمانی کوردی:

ئەمیر، لەیلا ،(٢٠٢٠) نوێبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردستان: بە جەختکردنەوە لەسەر هەرێمی کوردستان، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

ئیروانی، موسڵح،(٢٠٢٠) کۆمەڵگەی لێکترازاو: هاوبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی شوناس، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستان، ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسڵح ئیروانی، هەولێر ئینستیتووتی سیاسەتی

گشتی.

باپیر،عەلی ، سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا، نووسینگەی تەفسیر- هەولێر، ٢٠١٦.

داڵ،ڕۆبەرت، (٢٠٠٣)لەبارەی دیموکراسی، و.ئامانج عەزیز کەندی، چاپخانەی ڕەنج – سلێمانی.

رۆبیرتز، تیمونز ، هایت، ئەیمی (٢٠٠٩) لە مۆدێرنەوە بۆ جیهانگەرایی، (بەرگی یەکەم)، و. موحەمەد حوسێن، هەولێر، چاپخانەی ڕوون.

زیاد،نادار،(٢٠٢٠) کاریگەرییە سیاسییەکانی "پانتایی گشتی" لە ڕوانگەی (یۆرگن هابرماس)ەوە، ناوەندی ڕەهەند- سلێمانی.

جەمال، نەوزاد،(٢٠١٢) ژانی دیموکراسیەت- ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەکردنی دیموکراسیەت لە کوردستاندا، چاپخانەی شەهاب- هەولێر.

حەکیم،مراد و ئەمیر، لەیلا ،(٢٠٢٠) کۆمەڵگەی کوردستانی باشوور لە نێوان یەکگرتووی و پەرتەوازەییدا، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

خدر، هیوا حاجی ،(٢٠٢٠) شار و خێڵ و دابەشبوونە ئیتنیکەکان: خوێندنەوەیەک لە دیدگای تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)، هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

شەریف، ئەمین فەرەج ،(٢٠١٩) حکومرانی باش لە هەرێمی کوردستاندا- پایە و ئاستەنگەکانی، و. لوقمان حاجی قادر، چاپخانەی هێڤی- هەولێر.

شەریف،ڕۆزە عەبدوڵلا،(٢٠٠٨) ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی نا سەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا، دەزگای ئاراس- هەولێر.

صادق، بارزان جوهر،(٢٠٢١) متمانەی سیاسی بە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاپخانەی جەنگەڵ- تەهران، ساڵی.

کۆزەر،لویس ،(٢٠٠٨) دورکهایم ژیان و ئەندێشە، و.محمد قادر، چاپخانەی چوارچرا- سلێمانی.

گیدنز،ئەنتۆنی،(٢٠١٢) سیاسەت، کۆمەڵناسی و تیۆری کۆمەڵایەتی، وەرگێرانی دانا شوانی، لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، چاپی یەکەم هەولێر.

گیدنز،ئەنتۆنی (٢٠١٣) دەروازەیەکی رەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی، هەولێر ،چاپخانەی رۆژهەلات.

قادر، ڕزگار محمد،(٢٠٠٧) لە پێناو کوردستانێکی نوێدا، چاپخانەی منارە - هەولێر.

قەوام، عەبدول عەلی ،(٢٠٠٩) بەربەستەکانی گەشەسەندنی سیاسی، و، هیوا مەجید خەلیل، چاپخانەی موکریانی- هەولێر.

وەڵزی، ئیحسان ،(٢٠٢٠) کۆمەڵگەی سیاسەت و سیاسەتی کۆمەڵگە: پەیوەندی نێوان سیاسەت کۆمەڵگە لە باشوری کوردستان، لە کتێبی: سیاسەت و کۆمەڵگە لە باشووری کوردستاندا،( ئامادەکاران: ئیحسان وەڵزی و موسلح ئیروانی)،

هەولێر- ئینستیتووتی سیاسەتی گشتی.

عەرەبی:

السديري،وليد بن نايف،(٢٠٢٠) العقلانية في سلوك التصويت الانتخابي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، أبوظبي– دولة الإمارات العربية المتحدة.

ليبهارت، ارنت،(٢٠٠٦) الديموقراطية التوافقية في مجتمع متعدد، ترجمة: حسني زيبة، الطباعة: الفرات للنشر والتوزيع- معهد الدراسات الاستراتيجية-العراق- بغداد.

ئینگلیزی:

understanding third world politics, second edition, NEW YORK, Published by (٢٠٠٣ ),Smith, B. C - .PALGRAVE MACMILLAN

the stages of economic growth, londen, published by the syndics of the Cambridge (١٩٦٠ ) .Rostow, W.W - university press

توێژینەوە و تێزەکان:

کوردی:

أحمد، جەبار إسماعیل،(٢٠١٩) چەمکی دەسەڵات لە هزری ڕامیاری میشێل فۆکۆ دا و دەرکەوتەکانی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ماستەرنامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، سلێمانی.

پیرۆ، ئاشتی مەجید ،(٢٠١٦) هەڵسەنگاندنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان- عێراق، ماستەرنامە، زانکۆی سەڵاحەدین- کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسیەکان- بەشی زانستە سیاسیەکان، هەولێر.

حوسێن، موحەمەد ،(٢٠٢٠) چینی ناوەڕاست لە کوردستاندا: ڕۆڵ و کاریگەری لە گەشەی ئابووری و حکومڕانی باشدا، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی- گردی سەرچنار، نیسانی.

حەیدەری،ئیبراهیم (٢٠١٣) مۆدێرنەو بە عەقڵانیکردنی جیهان، وەرگێرانی ئارام ئەمین شوانی،(کۆمەڵناسی، گۆڤارێکی وەرزیە) ژمارە ٩.

عیسا، سالح عمر، (زستانی ٢٠٢٠)کاریگەری دیالێکتیکیی سونەت و مۆدێرنیتە لەسەر بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر/بەرگی ٣/ ژمارە ١.

محمدامین، پێشڕەو علی،(٢٠١٩) کاریگەری حکومڕانی دروست لەسەر کاراکردنی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی، دکتۆرانامە، زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە ڕامیاریەکان، سلێمانی.

عەرەبی:

- درويش،كنزة (٢٠١٤-٢٠١٥) العولمة واشكالية التنمية في العالم الثالث، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي- أم البواقي- كليةالحقوق و العلوم السياسية- قسم العلوم السياسية.

ئینگلیزی:

,٣.No ,١٧.political development and political decay, world politics, Vol(١٩٦٥ ,Hantington, Samuel p., (APR

.published by the johns Hopkins university press ,٤٣٠-٣٨٦

Social Change: Mechanisms and Metaphors, research- published by Department ,(١٩٩٨ Healy, Kieran ( Aug .Green Hall, Princeton University ٢–N–٢ ,of Sociology

Political Integration and Political Development." The ANNALS of the American" (١٩٦٥ .Weiner, Myron,( Mar .٠٠٠٢٧١٦٢٦٥٣٥٨٠٠١٠٧/١٠,١١٧٧:doi ,٦٤–٥٢ .pp , ,١ .no ,٣٥٨ .Academy of Political and Social Science, vol

لینکی ئەلکترۆنی

کوردی:

احمد، محمد رحمان ،(٢٠٢١/٢/١٨) کۆمەڵگای حیزبی و کۆمەڵگای مەدەنی، ڕێکخراوی ستۆپ، http://stopac.org/٢٠١ .fbclid=IwAR٠DPgz٠bxcfBjmY_WrFRY٩GTCN٨ksqHTOuJmfT_NPTD٧MlqKjKkKmUFoRE?/٧٤٢/٢٦/١٢/٧

ئەحمەد، محەمەد ڕەحمان،(٢٠٢١/٢/٥) زەمینەی سەرهەڵدانی حیزبی فاشیستی و بەجەماوەریبوونی کۆمەڵگا، دەزگای ستاندەر - .http://skurd.net/٢٠٢٠/٠٢/٢٨/%D٨%DB%B٢%D٩%٩٥%D٩%٨٥%DB%٨٦%DB%٩٥%D٨%-DB%B٣%٨C D-%A٨%D٨%B٢%٨C%D٨%AD%DB%٨C-%D٨%DB%٨٦%D٩%A٧%AF%D٨%D٨%DA%B٥%٩٥%DA%BE%DB%B١%D٨%٩٥% fbclid=IwAR٣k?/٩٥%DB%A٨%D٨%-٨٨%٨C-%D٩%AA%DB%D٨%B٣%٨C%D٨%DB%B٤%D٨%A٧%D٨%٨١%٨C-%D٩%B .wR٧tTBE٨zmItHgZ-KN٣NY٢qE-٧٠wfE١fkAiuNTmTQCKU٢wm١MVPjgg٨

ئەحمەد، محمد رحمان،(٢٠٢٠/٢/١٨) ڕووە نەرێنیەکەی دیموکراسیەت لە وڵاتە دواکەوتووەکان، سایتی ترانسکولتوور، https://trans-cultures.fr/%da٩%٨c%db%db%٨٦%٨e%d٩%db%b١%d٨%٩٥%db%٨٦%d٩%-٩٥%db%٨٨%d٩%٨٨%d٩%٩٥% aa-%d٨%٩٥%٨c%db%db%b٣%d٨%a٧%d٨%b١%d٨%da%a٩%٨٨%d٩%٨٥%٨c%d٩%af%db%٨c-%d٨%db%٩٥%db%da%a٩%٥ da%b٥%٩٥%db%٨٥%d٩%٨٦%db%da%a٩%-٩٥%db%٨٤%%d٩

احمد، محمد رحمان،(٢٠٢١/٢/١٧) پەیوەندی نێوان دەسەڵات و هێزەکۆمەڵایەتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، ناوەندی حەمرین بۆ توێژینەوەی ستراتیژی، http://www.hamrincenter.com/News.aspx?id=٧٧&MapID=١١&fbclid=IwAR .Ujr٣DqtYZ١Fidp٣g٨-٢PFucdP-GrusKePinPopnb٨kOgGkGBfl٨CgB٠C٧

بڵاوکراوەی سایتی درەو میدیا، لە (٢٠٢١/٤/٩)، https://www.facebook.com/drawmedia/posts/٩٤٧١٩٩٧١٩٤٤٢٣٤٥.

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایدن مەعروف، لە(٢٠١٩/٣/١٠)، سایتی ئاژانس، ٢٠٢١/٥/١، https://azhans.krd/%D٨%D٩%B٣% D٩%٨٦%٨C%DB%DB%B٣%D٨%٨٣%D٩%A٧%D٨%B١%D٨%٨١%٨C-%D٩%DB%٨٣%D٩%٨٦%DB%B١%٨C%D٨%٨٠%E٢%٨٧ %D٩%B١%D٨%٨٨%AA%D٩%٨C-%D٨%٨C%DB%٨٠%E٢%٨٧%D٩%B١%٨C%D٨%٨٠%E٢%٨٧%D٩%A٨%٨C-%D٨%DB%٨٦% ./٨C%DB%٨٦%D٩%A٧%D٨%٨٥%D٩%٨٣

غالب موحەمەد، سنور میدیا، (٢٠٢١/٢/١٧) https://www.snurmedia.com/all-details.aspx?jimare=١٦٩٩٣.

عەبدولرەحمان، فرمان،(٢٠٢١/٢/١٨) مەکتەبی کۆمەڵایەتی: تارمایی حیزبەکان لەناو دەسەڵاتی دادوەری کوردیدا، سایتی سبەی، ، https://archive.sbeiy.com/(X(١)S(٣mqx١kf٥٥٤cdgc١٢h٠١flrdf))/ku/print/Report_interview.aspx?id=٨٣

لێدوانی ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،( لە ٢٠٢١/٣/١٦) پێگەی دەزگای ستاندەر، -https:// .www.facebook.com/skurd.net/posts/٣٩٤٤٧١٥٢٥٨٩٢٢١٧٧

ڕاپۆرتی ڤیدۆیی دیپلۆماتیک مەگەزین، لە ٢٠٢١/٥/٢٣، https://www.facebook.com/diplomatic٢٠١٧/

.١١٢٨٥٢٠٣٧٤٣١٣٧٣٩/posts

سـەردانی سـەڵاحەدین بەهائەدیـن بـۆ لای پێنـج عەشـیرەتی هەولێـر،(٢٠٢١/٦/٥) ماڵپـەڕی بـوار نیـوز، https://www.

.١٨٤٦٣٦٨٤٦٨٩٤٥٠٨/facebook.com/Bwar.News/posts

ئینگلیزی:

why democracy is not successful in third world countries, daily outlook (٢٠٢١/feb/٨ ),Mohamad zahir akbary

.٢٥٤١٥=Afghanistan,http://www.outlookafghanistan.net/topics.php?post_id